https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.1

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ستراتیژیەت و بەڵگە لە گوتاری سیاسیدا

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە نموونە

پ. د. قەیس کاکل توفیق

زانکۆی سۆران- ئاداب

م. ی. چیا عەلی مستەفا

زانکۆی ڕاپەڕین- پەروەردە

**پوختە**

توێژینەوەکە لە ئاستی تیۆریدا، هەوڵێکە بۆ ناساندنی ستراتیژیەتی گوتار لە ئاستەکانی (بەرهەمهێنان و شیکردنەوەی) گوتار، پەیوەست بە (ستراتیژیەتی زمان و کۆزانیاریی زمانی). پاشان بە دیارخستی ڕۆڵ و ئەرکی کەرەستە زمانییەکان لە دارشتنی ستراتیژیەتی گوتاردا. لەگەڵ ناساندن و ڕۆڵی (بەڵگەی زمانی و بورهانی زمانی) لە پرۆسەی ڕازیکردنی وەرگردا. بۆ ئەم مەبەستە ئایدۆلۆجیای (نەتەوەیی و ئاینی) لە گوتاری سیاسی کوردی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە بنەما وەرگیراوە. توێژینەوەکە، بێجگە لە پێشەکی ئەنجام، لە دوو بەش پێکدێت.

بەشی یەکەم:

بەشی تیۆریی توێژینەوەکەیە، سەرەتا ناساندنی گوتارە لە ئاستی زماندا، دواتر ناساندنی تیۆری ستراتیژیەتی گوتار و دیاریکردنی ڕەگەزەکانی ستراتیژیەتی گوتارە، پاشان پەیوەندی ستراتیژیەتی گوتار بە ئاستەکانی زمان خراوەتەڕوو. لە دواییدا باس لە بەڵگەی گوتار و شێوازی بەڵگە لە گوتاردا کراوە.

بەشی دووەم:

بەشی کارەکیی توێژینەوەکەیە، گوتاری قەوارە سیاسییەکان شیکارکراون و جۆری ستراتیژیەتی بەکارهاتوو و بەڵگەی زمانی پەیوەست بە جۆری ستراتیژییەکە لە خشتەیەکدا دیاریکراوە. دوای خستنەڕوو و گفتوگۆی داتاکان، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە، لە کۆتاییشدا نموونەی گوتاری قەوارە سیاسییەکان دانراوە.

## ستراتیژیەت و بەڵگە لە گوتاری سیاسیدا

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە نموونە

### پێشەکی

تویژینەوەکە بە ناونیشانی (ستراتیژیەت و بەڵگە لە گوتاری سیاسیدا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە نموونە) لەم تویژینەوەیەدا، پرۆسەی هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٣)ی، پەرلەمانی کوردستان بە نموونە وەرگیراوە. بۆ ئەم مەبەستە ئایدلۆجیای (نەتەوەیی و ئاینی) لە گوتاری سیاسی کوردی بە نموونە وەرگیراوە و کاری کارەکی لەسەر ئەنجامدراوە.

### ٠ – ٢ گرنگیی تویژینەوەکە:

تویژینەوەکە لە هەر دوو ئاستی (تیۆری و کارەکی)یەوە، گرنگە.

لە ئاستی تیۆریدا تویژینەوەکە هەوڵێکە بۆ:

١ – ناساندنی ستراتیژیەتی گوتار لە ئاستەکانی (بەرهەمهێنان و شیکردنەوەی) گوتاردا، پەیوەست بە (ستراتیژیەتی زمان و کۆزانیاریی زمانی).

٢- بەدیارخستی رۆڵ و ئەرکی کەرەستە زمانییەکان، لە دارشتنی ستراتیژیەتی گوتاردا.

٣- ناساندن و رۆڵی (بەڵگەی زمانی و بورهانی زمانی) لە پرۆسەی رازیکردنی وەرگردا.

لە ئاستی کارەکیدا تویژینەوەکە هەوڵێکە بۆ:

١ – خستنەڕوو و بەراوردکردنی ڕێژەی بەکارهێنانی ئایدۆلۆجیای (نەتەوەیی و ئاینی) لە ستراتیژیەتی گوتاری ساسی کوردی، لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا.

٢- لە بواری سیاسیدا، بە هۆشیارییەوە ستراتیژیەتی گوتار دابڕێژرێ لە هەڵبژاردنی کەرەستە زمانییەکان. دەکرێ قوتابییانی بەشی زمانی کوردی وەک سەرچاوەیەک بۆ شیکردنەوەی گوتار سوودی لێ ببینن.

### ٠ – ٣ کۆمەڵگەی ئاماری:

بە مەبەستی خستنەڕوو و بەراوردکردنی ڕێژەی بەکارهێنانی ئایدۆلۆجیای (نەتەوەیی و ئاینی) لە دارشتنی ستراتیژیەتی گوتاری پارتی سیاسیی کوردی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن لە بەرانبەر یەکتر، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان بۆ خولی هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٣)، بە نموونە وەرگیراوە. لە شەقام و پڕۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان (عێراق)دا، ئایدۆلۆجیای (نەتەوەیی و ئاینی) بە جیاوازیی ئایدۆلۆجیا و پڕۆگرامی سیاسی بە ڕێژەی جیاواز لە گوتاری قەوارە سیاسییەکان بوونیان هەیە و هەر هێزێک بەپێی تێڕوانین و پڕۆگرامی ساسیی خۆی شیکارییان بۆ دەکات. بێجگە لە نەتەوەی کورد، کە زۆرینەی موسوڵمانە، کەمەنەتەوەکانی وەک تورکمان، هەروەها کەمەنەتەوەکانی وەک (ئاشوور، ئەرمەن) کە بە ئاین مەسیحین لە کوردستاندا دەژین و لە پڕۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا بەشدارن. بەڵام پەیام و داواکاریی سیاسییان جیاوازە لە پەیام و داواکاری سیاسیی نەتەوەی کورد، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا، گوتاری ئەم قەوارە سیاسییانە بە نموونەی شیکاری وەرنەگیراوە. لە نەتەوەی کودیشدا کۆمەڵێک پارت و قەوارەی سیاسی بەشداری پڕۆسەی هەڵبژاردن دەکەن. دوای هەڵسەنگاندنی گوتاری قەوارە سیاسییەکان، دابەشمان کردوون بەسەر دوو گوتاری ئایدۆلۆجی

جیاواز (نەتەوەیی و ئاینی). ئەم دابەشکارییە لەسەر بنەمای دارشتنی ستراتیژیەتی گوتار و هەڵگرتنی دروشمی ئایدۆلۆجی لە ناونانی پارتی سیاسی بووە. پاشان لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێژەی کورسی پەرلەمانی لە هەمان خولدا، قەوارەی سیاسی دیاریکراوە و گوتاری بە نموونەی شیکاری وەرگیراوە. لە دوای بەراوردکردن لە نێوان قەوارە سیاسییە ئایدۆلۆجیا (نەتەوەیی و ئاینی)یەکان، لە ئەنجامی ڕێژەی بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی پەرلەمانی، گوتاری هەریەک لە (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ئایدۆلۆجیای (نەتەوەیی) بە ڕێژەی بەدەستهێنانی (٣١) کورسی و گوتاری (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) لە ئایدۆلۆجیای (ئاینی) بە ڕێژەی بەدەستهێنانی (٩) کورسی، بە نموونەی شیکاری وەرگیران.

**٠ – ٤ کەرەستە و سنووری توێژینەوەکە:**

کەرەستەی توێژینەوەکە، بریتییە لە شیکاریی گوتاری سیاسیی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ئایدۆلۆجیای (نەتەوەیی) و گوتاری (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) لە ئایدۆلۆجیای (ئاینی- ئیسلامی سیاسیی) لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆساڵی (٢٠١٣)ە. لەم توێژینەوەیە گوتاری کەسی یەکەمی قەوارە سیاسییەکان بە نموونە وەرگیراوە. لەم سۆنگەیەوە کە گوزارشتی ڕاستەوخۆی لە ستراتیجیا و ئایدۆلۆجیای قەوارەکە دەکات. سنووری توێژینەوەکە ئاستەکانی سیمانتیک و پراگماتیک دەگرێتەوە.

**٠ – ٥ پرسیاری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە وەڵامی ئەم پرسیارانە وەردەگرێتەوە

١ – له ستراتیژیەتی گوتاری سیاسیی کوردی له پرۆسەی هەڵبژاردندا، ئایدۆلۆجیای (نەتەوەیی و ئاینی) له چ ئاستێکدایە؟ کام ئایدۆلۆجیا هەژموونی بەسەر گوتاردا هەیە؟

٢ – له گوتاری سیاسیی قەوارەی ئایدۆلۆجیای نەتەوەیی ڕێژەی بەکارهێنانی ئایدۆلۆجیای ئاینی له چ ئاستێکدایە؟

٣ - له گوتاری سیاسیی قەوارەی ئایدۆلۆجیای ئاینی ڕێژەی بەکارهێنانی ئایدۆلۆجیای نەتەوەیی له چ ئاستێکدایە؟

**٠ – ٦ ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیە کار بە ڕێبازی وەسفی- شیکاری کراوە.

**٠ – ٧ تیۆری توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، پشتبەستراوە بە تیۆری شیکردنەوەی گوتار (Discourse Analysis) بۆ شیکاری گوتارەکان، هەر بۆیەش بەتەنها خۆمان بە بواری پڕاگماتیک بەند نەکردووە. دواتر ئاستی واتایی لە واتای (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) بۆ دیاریکردنی ئایدۆلۆجی (نەتەوەیی و ئاینی) بە بنەما وەرگیراوە، بە جۆرێک هەر ئاماژەیەکی واتای ڕاستەوخۆ (فەرهەنگی) و ناڕاستەوخۆ (پراگماتیکی) بۆ هەر یەک لە ئایدۆلۆجیاکان بێت، ئەوا بەم ئایدۆلۆجیایە دانراوە. پاشان نەخشە و خشتەی ئامارەکان بە بەرنامەی (Excel) دیاریکراوە و خراوەتەڕوو.

**٠ – ٨ یەکەی شیکردنەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا، ڕستە نەکراوەتە بنەما بۆ دیاریکردنی جۆری ستراتیژیەت، بەڵکو توێژینەوەکە ئەوە دەسەپێنێت کە، گوتن بکرێت بە یەکەی شیکاری، گوتنیش دەشێت له بەدوایەکی ڕستەیی یان تاکە

ڕستەیەک تەنانەت لە ڕستەش بچوکتر پێکبێت، بەڵام یەک بیرۆکە کۆیاندەکاتەوە، واتە یەکەی شیکردنەوە لەسەر بنەمای ڕۆنان دەستنیشاننەکراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای واتایی ئەم یەکەیە دەستنیشانکراوە، ئەویش بریتییە لە گوتە.

**٠ – ٩ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام، توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت.

بەشی یەکەم:

بەشی تیۆری توێژینەوەکەیە، سەرەتا ناساندنی گوتارە لە ئاستی زماندا، دواتر ناساندنی تیۆری ستراتیژیەتی گوتار و دیاریکردنی ڕەگەزەکانی ستراتیژیەتی گوتارە، پاشان پەیوەندیی ستراتیژیەتی گوتار بە ئاستەکانی زمان خراوەتەڕوو. لە دواییدا باس لە بەڵگەی گوتار و شێوازی بەڵگە لە گوتاردا کراوە.

بەشی دووەم:

بەشی کارەکیی توێژینەوەکەیە، گوتاری قەوارە سیاسییەکان شیکارکراون و جۆری ستراتیژیەتی بەکارهاتوو و بەڵگەی زمانی پەیوەست بە جۆری ستراتیژیاکە لە خشتەیەکدا دیاریکراوە. دوای خستنەڕوو و گفتوگۆی داتاکان، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە، لە کۆتاییشدا نموونەی گوتاری قەوارە سیاسییەکان دانراوە.

١ – بەشی یەکەم

١ – ١ گوتار Discourse

لە زماندا، یەکەیەکی واتایە، لە سەرووی ئاستی ڕستەدایە، بەستراو نییە بە یاسای مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی بەرهەمهێنانی ڕستە. بەڕای زیلیگ هاریس (Zellig Harris) گوتار (گوتەیەکی دریژە یان بەدوایەکی ڕستەیە، گوتەیەکی زمانییە لە بەدوایەکی ڕستەیی پێکدێت) (باتریک شارودو، دومینک مۆنغنو،٢٠٠٨: ١٨٠). بەپێی بۆچونەکە (گوتە هاوتای ڕستە)یە، گوتە بریتییە لە ئاخاوتنی قسەکەر و لە ڕستە پێکدێت، پێکهاتەی گوتە بریتییە لە کۆی بەدوای یەکی ڕستەیی و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، گوتار بە یەک پارچەیی نیشاندەدات. لەم بارەدا گوتار بەکارهێنانی زمان و چالاکیی ئاخێوەرانە لە سیاقی ئاخاوتندا. پەیامێکی ئاڕاستەکراوە بۆ بەرانبەر، بۆیە گوتار توانایەکی هزرییە و چالاکی بیرە، چەقی پڕۆسەی داهێنان و بیرکردنەوەیە، بەندە بە توانای مەعریفیی بەشداربوانی گوتار، لە پڕۆسەی پەیوەندی کردندا (Commutation) گوتار (گوتەی هزر)ە، ڕەنگدانەوەی بیر و داهێنەری بیرە. لەم بارەدا گوتار هاوتای بیرە و لە سەرەتاشدا بیرێک بووە. بە بۆچوونی فێرکلاف (Fairclough) گوتار (زمانی بەکارهێنانە، سەرچاوەی بنیاتی گوتار مەعریفەیە، گوتاریش بنیاتنەری مەعریفەیە) (محمد شومان،٢٠٠٧: ٢٥).

## ١ – ٢ گوتاری سیاسی Discourse Politic

گوتارێکی تایبەتە، بۆ مەبەست و ڕاپەڕاندنی ئامانجێکی سیاسی دەنووسرێت. ئەرکی زمان لە کردەی پەیوەندیکردنی سیاسیدا بریتییە لە (گەیاندنی زانیاری، هاندان، ئاڕاستەکردن، ئارامکردنەوە، دروستکردنی ڕووداو، گفتوگۆ و دانوستاند...). بەڕای شارودی گوتارێکی بەڵگەیی ڕازیکەرە، لە ڕێگەی زمانەوە کار لەسەر سیاسەت دەکات (حسن مروان،٢٠١٩: ٤٢٣). لە هەندێک باردا ئایدۆلۆجیا ڕەگەزێکی گوتاری سیاسییە، بە گشتی تیۆرێکی ئەبستراکە، شێوەیەکی بیرکردنەوەیە، بەدوای ئامانجێکی کردەیی و تایبەتییەوە. (یاسین محمد، زاهیر محمدی،٢٠٠٦:

٤٦). پارتی سیاسی بەپێی ستراتیژیەت و ئامانجی سیاسی بەکاریدێنێ. لە پێکهاتە و شەقامی سیاسی هەرێمی کوردستان (عێراق)دا، بە تایبەتتر لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، دوو جۆر ئایدۆلۆجیای جیاواز لە گوتاری سیاسی هەن.

١ – گوتاری قەوارەی نەتەوەیی (نائیسلامییەکان): گوتارێکی تێکەڵە لە ئایدۆلۆجایی (نەتەوەیی، سۆسیالیستی، ئاینی) بەپێی پێکهاتەی حیزبی و قۆناغی مێژوویی سیاسەتکردن گۆڕان بەسەر جۆری ئایدۆلۆجیا و تەکتیکی سیاسەتکردنیاندا هاتووە.

٢ – گوتاری قەوارەی ئاینی (ئیسلامی سیاسی): زاراوەیەکی ئەکادیمی سیاسییە، بەکاردێت بۆ وەسفکردنی قەوارە ئاینییە سیاسییەکان، بۆچوونیان وایە کە، ئیسلام وەک ئاین تەنیا (شەریعەت) نییە، بەڵکو ئایدۆلۆجیا و سیستەمێکی (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی،...). لە توانایدایە سیستەمی دەوڵەتی لەسەر بنیاتبنرێت. (صالح عبدالرزاق،٢٠١٨: ٥). گوتاری ئیسلامیی سیاسی، تێکەڵەیەکە لە ئایدۆلۆجیای ئاینی و ئامانجی سیاسی، هەوڵی پیادەکردنی ستراتیژیەتی بەستنەوە لە نێوان (ئاین و سیاسەت، ئاین و دەوڵەت، ئاین و نەتەوە) دەدەن. گوتەی قورئان١ و گوتەی ئاینی٢ وەک بەڵگەی زمانی بۆ پێدانی هێز بە گوتار بەکاردێنن.

## ١ – ٣ ستراتیژیەتی گوتار Discourse Strategy

ستراتیژیەت٣ پلانی گەیشتنە بە ئامانج. گوتار چالاکییە، بەردەوامی هەیە، بۆیە پێویستی بە بیرکردنەوە و پلانە. ستراتیژیەتی گوتار٤ پلانی زمانە، لە کردەی پەیوەندیکردندا. بەکارهێنانی زمانە لە بەرهەمهێنان وشیکردنەوەی گوتاردا. پلانێکە لە سیاقێکی دیاریکراودا بۆ مەبەستێکی

دیاریکراو دادەڕێژڕێت. پەیوەندیی نێوان ستراتیژیەت و گوتار، لە دوو ئاستدایە:

ئاستی زمان: ئەو بەشەی ستراتیژیەت، دەکەوێتە خانەی زمان و زانستی زمان. پەیوەندی هەیە بە هەڵبژاردنی کەرەستەکانی زمان و ڕێکخستنیان لە داڕشتنی ستراتیژیەتدا.

خانەی مەعریفی: ئەو بەشەی ستراتیژیەت دەکەوێتە خانەی مەعریفەی تاک (باتریک شارودو ودومینیک مانغو،٢٠٠٨: ١٣٣) تایبەتە بە چۆنیەتیی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و جیهانبینیی بەشداربوانی گوتار بۆ دیاردە و ڕووداوەکان. ستراتیژیەت پلانێکە بە دوو قۆناغ تێپەڕدەبێت.

قۆناغی بیری: لە ئاستی هزریدایە، قۆناغی بیرکرنەوەیە لە داڕشتنی ستراتیژیەت.

٢ - قۆناغی ئەنجامدان: قۆناغی جێبەجێکردنی قۆناغی بیرە. (منية عبيدى،٢٠١٦: ٧٣)

لە سەرەتادا درککردنە بە سیاق و لێکەوتەکانی، ئاستی هزری. دواتر هەڵبژاردن و دیاریکردنی وشە و زاراوەی پەیوەندیدار بە سیاق، ئاستی هزری. پاشان چۆنیەتیی داڕشتن و شێوازی گۆکردن لە گەیاندنی پەیام لە کردەی پەیوەندیکردندا ئاستی کارەکی. ستراتیژیەتی (بەرهەمهێنان وشیکرنەوە)ی گوتار، خاڵی بەستنەوەی مەبەستی گوتارە بە ئامانجی گوتار. پلانێکی هزرییە بۆ چۆنیەتیی گەیاندنی مەبەستی گوتار، هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی گوتار، ئامانجی گوتاریش خۆی دەبینێتەوە لە دانانی کاریگەری لەسەر وەرگر بە (ڕازیکردن، ڕاگۆڕین، ئەنجامدانی کارێک...) (TeunA.VanDijk&WalterKintch،1983: 67). لەستراتیژیەتی گوتاردا (مەبەستی گوتارو ئامانجی گوتار) پێوەری

دارشتنی ستراتیژیەتن. ئامانجی نێرەر لە ئامانجی گوتارەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ ئەوەی وا لە وەرگر بکات خاوەنی هەمان ئامانجی نێرەر بێت. هەرچی (مەبەستی گوتار)ە، پەیوەندی هەیە بە (واتا)وە، پەیوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان نیرەر و وەرگر. ئەو واتایەی کە، نێرەر دەیەوێت بیگەیەنی بە وەرگر، لەگەڵ ئەو واتایەی کە لە ئەنجامی شیکارکردن لەلای وەرگر دروستدەبێت لە هەندێک باردا لەوانەیە واتایەکی (پێچەوانە) لەلای وەرگر دروستبێت لەم بارەدا گوتار بریتییە لە (گوتەیەکە ئاڕاستەی بەرانبەر دەکرێت هەڵگری مەبەستی نێرەرە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی گوتار) (عبدالهادی بن ظافر,٢٠٠٤: ٨٦) پرۆسەکە تایبەتە بە پێکهاتەی گوتار لە (پەیام، مەبەست، ئامانج) پێکدێت. بەم شێوەیە:

پەیامی گوتار(Discourse Mission) ⟵ چەمکێکی واتایە، بارگەکراوە بە مەبەستی گوتار.

مەبەستی گوتار(Discourse Intention) ⟵ زاڵبوونی پەیامە، زمان لە پێناوی بەکاردێت.

ئامانجی گوتار Discourse Goal ⟵ دانانی کاریگەرییە لەسەر وەرگر بە (ڕازیکردن، ڕاپەڕاندنی کردەیەک،...).

سەرکەوتنی پرۆسەکە بەندە بە هێزی ستراتیژیەت، هێزی ستراتیژیەت واتە (توانای گواستنەوەی زانیاری، تا وا لە وەرگر بکات خاوەنی هەمان ئامانجی نێرەر بێت و بڕوا بە بۆچوونەکەی بێنێت) (حسن الهندی،٢٠٠٥: ٢٢) بۆ نموونە:

(موسوڵمانان ئیمانداران ئاگاداربن نویژکەر گوناحی دەگاتێ دەنگبدات بە نوێژنەکەر)٥

پەیامی گوتار ←——— نێرەر، پەیامێک بە وەرگر دەگەیەنێ. (ستراتیژیەتی نێرەر)

مەبەستی گوتار ←——— ستراتیژیەتی ئاگادارکردنەوە. (داواکاری نێرەر)

ئامانجی گوتار ←——— کاریگەری خستنەسەر وەرگر، بۆ ئەوە دەنگ بە نوێژنەکەرنەدەن. دەنگدانە بە لیستی ئەو بدەن.

(فۆکۆ) ستراتیژیەت بە سێ واتا بەکاردێنێ، هەر واتایەک لەگەڵ سیاقێک دەگونجێ

بەکارهێنانی هزری دیاریکردنی چەند پلانێک بۆ گەیشتن بە ئامانج.

دیاریکردنی باشترین پلان، تایبەتمەندیی خێرا و سەرکەوتووی لە ئەنجامدانی هەبێت.

بێبەشکردنی بەرانبەر. (عبدالهادی بن ظافر،٢٠٠٤: ٥٥).

**١ – ٤ ڕەگەزەکانی ستراتیژیەت**

ڕەگەزەکانی گوتار لە (کات، شوێن، زانیاریی هاوبەش، نێرەر، وەرگر، بابەتی گوتار...) ڕەگەزی دیاریکردنی ستراتیژیەتی گوتارە، یاریدەدەری نێرەر و وەرگرە لەبەرهەمهێنان و شیکاریی گوتاردا. بە گۆڕانی هەریەک لەمانە دەبێتە هۆی گۆڕانی ستراتیژیەت (منیةعبیدی،٢٠١٦: ٧٤). لە کاتی گۆڕانی (نێرەر، وەرگر، دەورووبەر، بابەت...) دەبێتە هۆی گۆڕانی ستراتیژیەت، لە ئاستی هزری و ئاستی کارەکی. ڕەگەزەکانی (نێرەر و وەرگر، دەورووبەر، کات و شوێن، بابەت) ڕۆڵی کارا دەبینن لە دارشتنی ستراتیژیەت و شیکاریی گوتاردا، لە هەندێک باردا وادەکات گوتەیەک لە

دوو سیاقی جیاواز دوو لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت (محمحد خطابی، ٢٠٠٦: ٥٢). بۆ نموونە:

لە دوو دەقی جیاوازدا، یەک نێرەر و یەک بابەت، بەڵام دوو سیاقی جیاواز، دوو وەرگری جیاواز، دوو ستراتیژیەتی جیاواز بەکاردێنێ. لە هەردوو بەکارهێنانەکەدا یەک ئامانجی هەیە.

- سوپای ئیسلام، سەربازەکانی خودا، شاری عەفرینیان فەتح کرد٦.

- سوپای تورکیای علمانی، توانی تیرۆرستانی پەکەکە و داعش لە عەفرین دەربکات.

دوو پەیامی (ئەردۆغان) سەرۆک کۆماری تورکیا، لە کاتی داگیرکردنی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان، لەلایەن سوپای تورکیا و گروپە ئیسلامییەکانی سەر بە تورکیا. دوو پەیامی جیاواز و دوو ستراتیژیەتی جیاواز بەپێی جۆری وەرگر و لە دوو سیاقی جیاواز بەکاردێنێ.

لە پەیامی یەکەمدا: ئاڕاستەی وەرگرانی تورکیا و وڵاتانی ئیسلامی کردبوو، لە سیاقێکی جەماوەریی ئاینیدا، تیایدا ستراتیژیەتی ئاینی پەیڕەوکردووە.

لە پەیامی دووەمیدا: کە بە زمانی ئینگلیزی، ئاڕاستەی کۆمەڵگەی ئەوروپی کردبوو، ستراتیژیەتی بەرەنگاربونەوەی تیرۆری پەیڕەوکردووە.

١ – ٥ ستراتیژیەتی گوتار و ئاستەکانی زمان:

هەر ئاستێک لە ئاستەکانی زمان، بەشدارن لە ستراتیژیەتی گوتاردا. وەک تەکتیک و پلانێکی زمانی ڕۆڵدەگێرن. لە ئاستی دەنگسازیدا، نێرەر جەخت لەسەر پارچەیەک لە پارچەکانی پێکهاتەی دەق دەکاتەوە، بۆ

ڕاکیشانی (سۆز و هزری) وەرگر بەلای خۆیدا. فۆنیمە ناکەرتییەکان لەم ئاستەدا ڕۆڵدەبینن. لە ئاستی ڕێزماندا مۆرفیم و فریز و ڕستە وەک قادرمەیەک بەکاردێن لە داڕشتنی ستراتیژیەتدا. لە هەڵبژاردن و ڕیزکردن و ڕێکخستنیان. لە ئاستی واتادا، نێرەر بەدوای وروژێنەرترین کەرەستەی زمانیدا دەگەڕێت، بە مەبەستی دانانی کاریگەرییەکی بەهێز و بەردەوام لەسەر وەرگر، هێزی واتایی مۆرفیم و کەرەستە زمانییەکان، هێز بە ستراتیژیەتی گوتار دەدەن، بە واتای فەرهەنگی یان واتایی سیاقی بەکاردێن، لە شێوەی ستراتیژیەتی (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)دا

**ستراتیژیەتی ڕاستەوخۆ:**

نێرەر ڕاستەوخۆ گوزارشت لە ستراتژیەتی خۆی دەکات، واتای وشەکان واتایەکی فەرهەنگین. وەرگر بۆ شیکارکردنیان پێویستی بە دەوروبەر نابێت. نێرەر ڕەچاوی ئاستی هزری وەرگر دەکات و بواری لێڵی ناهێڵێت. ستراتیژیەتی ڕاستەوخۆ چەند بنەمایەکی هەیە:

بەکارنەهێنانی واتای مەجاز.

بەکارنەهێنانی هاواتایی و فرەواتایی.

١- بەکارنەهێنانی دیاردە واتایەکان وەک (کرتاندن، لکاندن، ..).

٢- بە دوایەکداهاتنی ڕووداوەکان. (محمد محمد یونس،٢٠١٦: ١٠٣)

**بۆ نموونە:**

لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ گەلی کورد لە باشووری کوردستان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوینەرانی ئەنجامدا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێکهینا.

واتای مۆرفیمە بەکارهاتووەکان واتایەکی فەرهەنگین.

دووەم: ستراتیژیەتی ناڕاستەوخۆ:

نێرەر ڕاستەوخۆ گوزارشت لە مەبەستەکەی ناکات، دەیبەستێتەوە بە دەوروبەر. وەرگر پێویستی بەدەوروبەری دەبێت بۆ شیکارکردن. دارشتنی پراگماتیکی ئەم جۆرەی ستراتیژیایە دوو جۆر دارشتنی هەیە.

لە هەندێک بەکارهێناندا، نێرەر دەربڕنێک و دارشتنێکی ڕوون بەکاردێنێ، واتە زۆرینەی وەرگران بە ئاسانی دەتوانن لە مەبەستەکە بگەن، پێویستی بە زانیاریی وردی دەوروبەری بەکارهێنان نابێت. بۆ نموونە:

کورد تا کەی سەبری ئەیوبی هەبێ.

وەرگر بە پێی دەوروبەر بە ڕوونی لە مەبەستەکە دەگات.

بەڵام لە هەندێک بەکارهێنانی تردا نێرەر دەربڕنێک و دارشتنێکی ئاڵۆز (ناڕوون) بەکاردێنێت، تەنیا وەرگری تایبەت لە مەبەستەکەی دەگات. بۆ نموونە:

ئەردۆغان لە دەریا دۆڕا، لە شاخ بردیەوە.٧

وەرگر بە ڕوونی و ئاسانی بە مەبەستی نێرەر ناگات.

**١ – ٦ جۆرەکانی ستراتیژیەت:**

لە گوتاردا، (بابەتی گوتار، مەبەستی نێرەر، جۆری وەرگر) ڕەگەزی دیاریکەری جۆری ستراتیژیەتن و پەیوەستن بە ئامانجی گوتار. بۆ نموونە

گوتاری نەتەوەیی ← ستراتیژیەتی نەتەوەیی.

گوتاری ئاینی ← ستراتیژیەتی ئاینی.

گوتاری حیزبی ← ستراتیژیەتی حیزبی.

نێرەر کۆی گوتارەکەی بەیەک ستراتیژیەت و بۆ یەک مەبەست دادەڕێژێت، لەناو گوتارەکەشدا پەیڕەوی دارشتنی چەند ستراتیژیەتێکی جیاواز دەکات. بە جۆرێک کۆی دەقەکانی گوتار بە ستراتیژیەتێک دادەڕێژێت و هەر دەقێک (گوتەیەک)یش، بە ستراتیژیەت و مەبەستی جیاواز دادەڕێژێت، بە مەرجیک کە، هاوتەریب بێت لەگەڵ ستراتیژیەتی گشتی گوتارەکە و بەهەمان ئاڕاستە و لە پێناو هەمان مەبەسبێت، ئەویش ئامانجی گشتی گوتارە. گوتاری سیاسی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، بە ستراتیژیەتی هاندان و ڕازیکردن دادەڕێژرێت، هەر دەقێک (گوتە)یەکی، گوتارەکەش بە ستراتیژیەت و مەبەستی جیاواز دادەڕێژرێت، لە پێناو ئامانجی گشتیی گوتار کە، ڕازیکردنی وەرگرە بۆ دەنگدان بە لیست و کاندیدەکانی. بۆ نموونە:

ستراتیژیەتی تۆمەتبارکردن ← تۆمەتبارکردنی بەرانبەر.

ستراتیژیەتی بەڵێندان ← بەڵیندان بە وەرگر.

**١ – ٧ ستراتیژیەتی گوتار و کردەی قسەیی:**

ئامانج لە ستراتیژیەتی گوتار، ڕازیکردنی وەرگرە بە داواکاریی نێرەر، بە ڕاپەڕاندنی (کردەیەک، ڕاگۆڕین...) ئامانجی نێرەر لە تیۆری کردەی قسەییدا بە تایبەت ئەو کارانەی کە ئۆستن بە پابەندکردنیان دادەنێت وەک (بیرهێنانەوە، فەرماندا، هاندان، پێداهەڵدان...) کە چاوەڕوانی کاردانەوە لەلای وەرگر دەکرێت، هاوتەرییە لەگەڵ ستراتیژیەتی گوتار، کە ئامانجیان لەگەڵ کردەی قسەییدا لێک نزیکە ئەویش بریتییە لە ڕازیکردنی وەرگر. دەکرێ بۆ دیاریکردنی ستراتیژیەتی گوتار پەنا بۆ تیۆری کردە قسییەکان ببردرێت، وەک کەرستەیەک بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ستراتیژیەتەی کە لەنێو پەیامی نێرەردا بە شاراوەیی بوونی هەیە، واتە تیۆری کردە قسییەکان دەبێتە ئامرازیکی سەرکەوتوو بۆ بەرجەستەکردن و ئاشکراکردنی ئەو ستراتیژیەتەی لە پەیامەکەدا هەیە. پەیوەندی هەیە بە ڕێژەی کاریگەریی بەڵگەی زمانی بۆ ڕاپەڕاندنی کردەکە. هێزی کاریگەرییەکەش پەیوەندی هەیە بە هێزی بەڵگەوە، وەک فاکتەرێکی (هاندان) کاردەکات. تا هێزی کاریگەرییەکە زیاتربێت، هێز و ئارەزووی ڕاپەڕاندنی کردەکە زیاتر دەبێت. بەڵگەی دەربڕینێکی زمانییە لە ئامراز و کەرستەی زمانی پێکدێت، ئەرکیان ڕازیکردنی گوێگرە (زکریا سرتی،٢٠١٣: ) لە کرۆکی کردەی قسەیی سەریهەڵداوە. دوای ئەوەی دیکرۆ (Dicrot) گەشەی بە تیۆرەکەی ئۆستن (Austin) و سیریل (Searle)دا بە، زیادکردنی دوو کردەی زمانی ئەوانیش:

کردەی پێویست (فعل الاقتظاء) Required Act و کردەی بەڵگەیی (فعل الحجاج) Document Act.

دووبارە ناساندنەوەی کاری ڕاپەڕاندن (illocutoire) (کردەیەکی زمانی ئاڕاستەکراوە، بە مەبەستی دروستکردنی گۆڕانکاری، سروشتێکی یاسایی هەیە، یان کۆمەڵێک ئەرک و مافە) (سامیة بن یامنة،٢٠١٩: ٢٧٨)

پەیوەندیی نێوان ستراتیژیەت و بەڵگە، هۆکارێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان هزر و ڕاپەڕاندنی کردە. بۆ نموونە:

داواتان لێدەکەم بەشداری بکەن، وڵات پێویستی پێتانە.

کردەی داواکاری ← ← ستراتیژیەتی داواکاری
بەڵگە بۆ ڕازیکردن

داواتان لێدەکەم ... داواکاری
وڵات پێویستی پێتانە...

### ١ – ٨ بەڵگەی گوتار Argumentation Discourse :

بەڵگە، بەشێکە لە چالاکیی مرۆڤ، پەیوەندی هەیە بە مەعریفەی مرۆڤەوە، لە گوتاردا ڕەگەزی سەرەکی ڕازیکردنە، ئەنجامی بەدەستهاتووش ئەنجامێکی ڕازیکەری بەڵگەییە. نیرەر لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدات هێز بە ئاخاوتنەکەی بدات و سەرنجی وەرگر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. جانبلیز (Jan.Bliz) پێیوایە کە، بەڵگە٨ چالاکییەکی لۆجیکییە، نوێنەرایەتیی چالاکی هزری دەکات، پەیوەندی هەیە بە چۆنیەتیی بیرکردنەوە و شێوازی گۆکردن، لە گوتاردا چالاکییەکی لۆجیکی زمانییە لە کردەی پەیوەندیکردندا، لە کەرەستەی زمانی پێکدیت، بریتییە لە ستراتیژیەتی نێرەر، لە پێناو ڕازیکردنی وەرگر لە ڕێگای نیشاندان و سەلماندن. لەسەر ئەم بنەمایە پیرئولیرون (Pierreo Oceron) سێ تایبەتمەندی خستۆتەڕوو:

بەڵگە پێویستی بە کەسی گۆکەرە لە بەرانبەر جەماوەردا، بۆیە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە.

بەڵگە بریتی نییە، لە وەسفکردنی مادەیەک، یان گێڕانەوەی ڕووداوێک، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ کاریگەریی خستنەسەر بەرانبەر.

بەڵگە پێویستییە بۆ پارێزگاریکردن لە شتێک، کە بە هێزی تر پارێزگاری لێنەکرێت، بۆیە پەیوەندی بە لێکدانەوە و لۆجیک هەیە. (زکریا سرتی،٢٠١٣: ٢١)

لە سیاقی گفتوگۆدا بەڵگە هێزێکی ڕازیکەر لە ڕوویەکی ئاشکراو، واتایەکی شاراوە پێکدێت. ڕووە شاراوەکە پڕۆسەیەکی ناوەکییە و شیکاری هزرییە، ڕووە ئاشکراکە بەرجەستەیە و هەوڵی ڕازیکردنە، بۆیە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت. لە گوتاردا سەپێنراو نییە، لەبەرئەوە پڕۆسەی ڕازیکردن، پڕۆسەیەکی هزرییە و پەیوەندی بە سیاقی ئاخاوتنەوە هەیە. گوتاری بەڵگەیی گوتارێکە بە مەبەستی گفتوگۆ دادەڕێژرێت و کراوەیە. نیرەر پەیڕەوی ستراتیژیەتی ڕێکەوتن دەکات، لە گوتەکانیدا بواری گفتوگۆ بە کراوەیی جێدەهێڵێت. بۆ ئەوەی هەمان بوار بە وەرگر بدات. پڕۆسەی ڕازیکردن پەیوەندی هەیە بە بورهان٩ (Demonstration) و بەڵگە (Argurentation). بوڕهان (Demonstration) بە واتای پێشکەشکردنی (دلیل) ئاماژەکردن بۆ شتێک لە ڕێگایەوە دەگەیتە بەڵگە (Argurentation) بۆ دڵنیابوون لە ڕاستیی بەڵگە دڵنیایی دەدات بە ئەنجام (باتریک شارودرودومینیک مۆنغۆ،٢٠٠٨: ٧٠). پڕۆسەیەکی شیکارییە بۆ گەیشتن بە ڕاستی. نێرەری ئەم جۆرە گوتارە هەوڵی کرداری تێکەڵاوکردن و بەیەکەوە بەستن دەدات لە بابەتێکدا. لەم جۆرە گوتارە نێرەر بە ڕەچاوکردنی باری کۆمەڵایەتی و دەروونی ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەگەز و داواکاریی وەرگر گوتار دادەڕێژێت. بە ڕای (دیکرۆ) جیاوازی دەکرێت لە نێوان بوڕهانی زمانی و بەڵگەی زمانی. بەڵگە لە زمانی پەیوەندیکردنی گشتی بەکاردێت، ڕەوایەتی و هێز لە سیاقی ئاخاوتن وەردەگرێ، ئامانجی ڕازیکردنە. بەڵام بوڕهانی

زمانی تەنیا لە زمانی نووسینی زانستی وەک زانستەکانی (ماتماتیک، کیمیا...) بەکاردێت. بە ڕای (بیرلمان) بەڵگە بریتییە لە تەکتیکی زمانی، گرنگ نییە بۆ چ مەبەستێک بەکاردێت. (منیە عبیدی،٢٠١٦: ٢٧٩). بۆ نموونە

سوپای بەهێز نیشانەی سەرکەوتنە لە شەڕ. ← بورهان

سوپایەکی بەهێزمان هەیە. ← بەڵگە

بۆیە لە شەڕەکە سەردەکەوین. ← ئەنجام

هەبوونی سوپایەکی بەهێز (دلیل) ئاماژەیە بۆ سەرکەوتن لە شەڕ، ئەمە بورهانە.

- سوپایەکی بەهێزمان هەیە.

دەگەین بەو بەڵگەیەی کە ئێمە لە شەڕدا سەرکەوتوو دەبین. لە ڕێگەی بورهانەوە دەگات بە ئەنجام. بەڵام مەرج نییە، هەموو سوپایەکی بەهێز لە شەڕدا سەرکەوێت، لەبەرئەوەی شەڕ دوو لایەنە و یەک لایەن بڕیاری لێنادات. بۆیە لە ڕێگەی بورهانەوە ناگەیت بە واتای تەواو (یەقین) بە تایبەت لە گوتاری (سیاسی، کۆمەلایەتی، ئاینی،...) چونکە ئەم جۆرە بەردەوام شوێنی مشتومڕن (جدلیة). لە پرۆسەی ڕازیکردندا جیاوازی دەکرێت لە نێوان ڕازیبوون (Conraicre) لەگەڵ ڕازیکردن (Persuader). بەڕای ئولیفی روبل پرۆسەی ڕازیبوون، تێگەیشتنە، بنەمایەکی فەلسەفی و ئایدۆلۆجی هەیە. هەرچی پرۆسەی ڕازیکردنە، بنەمایەکی نەژادی وەرگیراوە (Instinctive) هەموو ئەو بیر و هەڵسوکەوتانە دەگرێتەوەکە، لە کۆمەڵگا بە هەر ڕێگەیەک وەرگیراوە. ئەمەش هێڵی جیاوازییە لە نێوان وەرگرێکی باوەڕدار و ئیحساسی لەگەڵ وەرگرێکی زیرەک و عەقلانی. (حسن المودن،٢٠١٤: ٢٨). زمان

له توانایدایه هەر دوو پرۆسەکە ئەنجام بدات. . لە گوتاردا گرنگە بەدوای بەڵگە ڕازیکەرەکاندا بگەڕێیت، چ عەقڵانیبێت یان ئیحساسی بێت. پرۆسەکەش پرۆسەی ڕازیکردنبێت یان ڕازیبوونبێت. بنەمای (ڕاست، ناڕاست، لۆجیکی، نالۆجیکی،...) پێوەری بڕیاردانن لەلای وەرگر.

## ١ – ٩ شێوازی بەڵگەیی

شێوازی بەڵگەیی بریتییە لە (ڕەوانبێژی و شێواز) ڕەوانبێژی گوتار چالاکی زمانییە، ڕۆنانی ئاستی سەرووی ڕستەیە، تێڕوانینێکی پراگماتیکییە و ئەرکی پراگماتیکی گوتار جێبەجێدەکات. هێزێکی ڕەوانبێژییە بۆ بارگاویکردنی وەرگر بە باوەڕێک یان ڕاپەڕاندنی کارێک. بەهای واتایی بەڵگەییە، لە وشەکە وەریدەگرێت، دەبن بە پێوەری بەکارهێنان. وەک پێوەری جوانی (جوان، ناشیرن) پێوەری ڕەوشت (ئاشتی، دووبەرەکی) نێرەر لە بەکارهێناندا ئەو وشانە هەڵدەبژێرێت کە، بەهای واتایی و هێز دەدەن بە بەڵگە. ڕەوانبێژی گوتار بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێت:

١- چۆن و چۆنیەتیی ڕازیکردن لە سیاقی دیاریکراو بەدەستدێت؟
٢- ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی بەدەستهێنانی ڕازیکردن؟ (محمحد مشبال،٢٠١٨: ١٩).

ڕەوانبێژیی گوتار بەدوای ڕێگا و شێوازەکانی بەکارهینانی زمانیدا دەگەڕێت، تا وەرگر ئاڕاستە بکات بۆ بەدەستهێنانی پرۆسەی ڕازیکردن. لەم چوارچیوەیەدا بنەماکان بریتین لە:

١- ئەو هۆکارانەی لە دەرەوە بەشداریدەکەن لە پرۆسەی ڕازیکردن. (بەڵگە، ئارەزوو، سۆز...)
٢- بەدوایەکداهاتنی بابەتەکان و ڕۆنانی ناوەوەی گوتار.

٣- دارشتنی شێواز. (محمحد مشبال،٢٠١٨: ١٩)

شیوازی گوتن، بریتییە لە چۆنیەتیی گۆکردن و هینانەوەی نموونە لە کاتی گۆکردندا. لە گوتاردا ئامانجیان دروستکردنی کارییگەریە لەسەر وەرگر. (باتریک شارودو) شەش جۆر شێواز دیاریدەکات (منیەعبیدی،٢٠١٦: ٢٢).

١- تێگەیشتن: بریتییە لە تێگەیشتنی واتایی وشە بەکارهاتووەکان، لە گوتاری بەڵگەیی وشەی (تێگەیشتن) بریتییە لە (وشەی هەڵبژێردراو) بەکاردێت بۆ دڵنیابوون. بۆ نموونە:

- داواتان لێدەکەم پرۆسەکە بە هێمنی بەڕێبکەن.

نێرەر، ئاوەڵناوی (هێمن)ی هەڵبژاردووە، مەدلولی نیانی واتایی لێدەکەویت.

٢- بەراورد: بەراوردکردن بەکاردێت بۆ جیاکاری لە نێوان دوو بابەت یان دوو ڕووداو. لە هەندێک بەکارهێناندا نێرەر وەرگر سەرپشکدەکات لە بڕیاردان لەم بارەدا نێرەر بێلایەنە و لە پێشتردا بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشگیری هیچ کام لە بۆچوونەکان ناکات. بۆ نموونە:

- ئەندامانی کۆنگرە بڕیار لەسەر یەکێک لە بژاردەکان دەدەن.

لە هەندێک بەکارهێنانی تردا، ڕۆڵی پاڵپشتیکردنی ڕایەکی دیاریکراو دەبینێت، نیرەر وەرگر نزیک دەکاتەوە لە بۆچوونی خۆی. لەم کاتەدا بیروڕای نێرەر کاریگەریی لەسەر ڕای وەرگر دەبێت. نێرەر بێلایەن نییە و لە پێشتردا بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتگیری ڕایەکی کردووە. بۆ نموونە:

- لە نیوان سەربەخۆیی و ملکەچبووندا کامیان هەڵبژێرین.

له هەندێک بەکارهێنانی تردا، بە تایبەت کاتێک نێرەر باڵادەستی (سیاسی، ئاینی، کۆمەڵایەتی،...) هەبێت و بیەوێت ڕایەک بەسەر وەرگر بسەپێنێ، نێرەر جۆرێک لە بەراورد بەکاربێنێ کە بواری لادانی نەبێت لێی. بۆ نموونە:

- بەڕای ئێوە هیچ حوکمێک هەیە باشتر بێت لە حوکمی خودا و پێغەمبەر.

لەم جۆرە بەراوردکردنانەدا، تەنیا دەوروبەری بەکارهێنان ڕوونیدەکاتەوە نێرەر بە کام مەبەست و بۆ چ مەبەستێک بەکاریاندێنێت. بە گشتی ئامانج لە بەراوردکردن دانانی کاریگەرییە لەسەر وەرگر.

٣ــ وەسفی چیرۆکی: سنووری بەکارهێنانی فراوانە، نێرەر بە هێنانەوەی نموونە یان گێڕانەوەی ڕووداو هێز بە، بەڵگەکەی دەدات. بۆ نموونە:

- بەسەرهاتێکتان بۆ دەگێڕمەوە کە پەیوەندی زۆری هەیە بە باسەکەی ئێمە...

٤- بەشاهیدهێنانەوە: گێڕانەوە یان هێنانەوەی گوتەی یەکێکی تر کە ئاستی پلەی بەرزتربێت لە نێرەر، بە مەبەستی لاوازکردنی گوتەی نێرەر لەلای وەرگر بۆ ئەوەی بەهای ڕازیکردنی بەڵگەی نێرەر لاواز بکات. بۆ نموونە:

- برایان با کاک ..... ڕووداوەکە بگێڕتەوە خۆیان لەوێ بوون.

٥- زۆریی بەڵگە: نێرەر بەڵگەیەکی زۆر دەهێنێتەوە لە جۆری جیاواز و شێوازی جیاواز بۆ بەهێزکردنی بەڵگەی گوتەی خۆی.

٦-شێوازی پرسیاری: نێرەر مەبەست و داواکاری خۆی، لە شێوەی پرسیار لە وەرگر دەکات، بەم جۆرە نێرەر ئەو وەڵامەی خۆی دەیەوێت،

وەرگر پێیدەدات. ئەم جۆرە شێوازە بەهای زیاتر دەدات بە وەرگر و کاریگەری ڕازیبوونی زیاتر دەبێت. بۆ نموونە:

- من بە تۆ دەڵێم چ بکەین؟ پێت باشە کارەکە چۆن بێت؟

## ٢- بەشی دووەم

### ٢ – ١ شێوازی کارکردن

لە شیکاریی گوتاری قەوارە سیاسییەکاندا، ئەم گوتانە شیکارکراون کە بە یەکێک لە ستراتیژیەتی (ئاینی، نەتەوەیی) داڕێژراون. لەم توێژینەوەیەدا، بۆ دیاریکردنی گوتەکان (یەکەی واتایی) بە بنەما وەرگیراوە نەک (یەکەی سینتاکسی). لە ئاستی دەنگسازی و ئاستی ڕێزماندا شیکاری هیچ گوتەیەک نەکراوە، لەبەرئەوەی ئەمە لە کارەکەی ئێمەدا نییە. لە ئاستی واتادا، واتای (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) بە بنەما وەرگیراون بۆ دیاریکردنی ستراتیژیەتی گوتن و جۆری ستراتیژیەتی بەکارهاتوو. پرۆسەکە بەپێی خشتەیەک کە بە بەرنامەی (Excel) کاری لەسەرکراوە، داتای بەدەستهاتووش لە چارتەکان خراونەتەڕوو. خشتە و چارتەکان بە ڕیزبەندی ژمارەیی بەدوای یەک دانراون. خشتەکان لە چەند ستوونێک پێکدێن.

١ – ستوونی ژمارەی گوتن: ژمارەی ئەو گوتنانەیە کە، لە گوتارەکەدا دیاریکراون.

٢ – ستوونی ستراتیژیەتی گوتن: جۆری ستراتیژیەتی بەکارهاتوو لە گوتنەکەدا دیاریکراوە. وەک ستراتیژیەتی (ئاگادارکردنەوە، هاندان،...) لە هەندێک گوتندا زیاتر لە ستراتیژیەتێک بەکارهاتووە.

٣ – ستوونی جۆری ستراتیژیەت: جۆری ستراتیژیەتی (نەتەوەیی، ئاینی) دیاریکراوە. لە هەندێک گوتندا زیاتر لە ستراتیژیەتێک پەیڕەوکراوە.

٤ – ستوونی واتایی: ئاستی واتایی (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)ی، گوتنەکە دیاریکراوە.

٥ – ستوونی بەڵگەی زمانی: ئاماژە بە دەربڕینی پەیوەندیدار لە دیاریکردنی جۆری ستراتیژیەت کراوە کە وەک بەڵگەیەکی زمانی بەکارهاتووە. لە هەندێک دەربڕیندا پەیڕەوی دانانی (...) خاڵ کراوە لە پێش یان ناوەڕاست، یان کۆتاییی گوتنەکە کە ئاماژەیە بۆ پێش خۆی یان تەواوکەری یان دوای خۆی.

٦ – ستوونی تیبینی: لە کاتی هەبوونی هەر تێبینیەک، بە ژمارە ئاماژەی بۆ کراوە و لە دوای خشتەکە ڕوونکراوەتەوە.

## ٢ – ٢ شیکاری گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان

لەم شیکاریەدا، ستراتیژیەتی حیزبی بە ستراتیژیەتی نەتەوەیی ئەژمارکراوە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ستراتیژیەتی حیزبی بەرهەمی ستراتیژیەتی نەتەوەیە. لە خشتەی ژمارە (١)دا، (ژمارەی گوتن، ستراتیژیەتی گوتن، جۆری ستراتیژیەت، ئاستی واتایی، بەڵگەی زمانی، تێبینی) دیاریکراون. لە چارتی ژمارە (١) چەند جارەی بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکان و لە چارتی ژمارە (٢) ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکان نیشاندراون.

| ژمارەی گوتن | ستراتیژیەتی گوتن | جۆری ستراتیژیەت | ئاستی واتایی | بەڵگەی زمانی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سوپاسکردن | ئاینی | ڕاستەوخۆ | سوپاس بۆ خودا | |
| | پیاهەڵدان | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | لە ئەنجامی بەرخودانی ...گەلی کوردستان... | |
| ٢ | شانازیکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | گوی دەق | |
| ٣ | پیراگەیاندن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | ئێستا...حەزی لە پێشکەوتنە | |
| | بیرهێنانەوە | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | ئەو دەسکەوتە مەزنانە بەشێکن لەو ئامانجە | |
| | بەڵێندان | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | لە داهاتوشدا...خۆی بۆ تەرخان دەکات | |
| ٤ | بیرهێنانەوە | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | نەیارانی گەلی کورد.... | |
| | شانازیکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | پارتی هیوای.... | |
| ٥ | بەرپرسیاریەتی | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | گرینگ ئاینندەیە... پارتی هێشتا... | |
| | شانازیکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | ... مێژ و کەلتوریکی... | |
| ٦ | پیراگەیاندن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | ئەرو لە ڕۆژێکی پیرۆزداین... | |
| | ئامۆژگاریکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | بۆیە ئەرکی ئێوەی ئەندام و ... | |
| ٧ | ئتوانبارکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | ... ماوەیەکە کەوتوتە بەر پەلاماری... | |
| | بەرپرسیاریەتی | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | ئەرکی ئێوە لە خەلکی دی قورسترە... | |
| | بێبەها کردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | کاتی خۆتان بۆ وەڵامدانەوەی خەلکێک ئەکوژن... | |
| ٨ | بیرهێنانەوە | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | ڕاستە گەلی کوردستان... ڕێزی لێبگرن... | |
| | شانازیکردن | ئاینی | ڕاستەوخۆ | خەلکی کوردستان موسڵمانە و شانازی... | |
| | ئامۆژگاریکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | بەلام پشتگوێی بخەین خەلکی دی... | |
| | شانازیکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | پارتی هەر لە سەرەتاوە... | |
| ٩ | ئامۆژگاریکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | گوی گوتە | |
| | بەراوردکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | چونکە ئامانجەکانتان زۆر مەزنتر و شکۆمەندترە | |
| ١٠ | بەڵێندان | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | هەر چونێکبین و لەهەر بارودوخێکدا پارتی ... | |
| ١١ | نیشاندان | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | گوی دەق | |
| ١٢ | ئامۆژگاریکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | گوی دەق | |
| ١٣ | داواکاری | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | داوا لە هەمو خەلکی کوردستان... | |
| ١٤ | داواکاری | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | داوا لە ئافرەتان و گەنجان... | |
| | ئامۆژگاریکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | ئامۆژگاریم بۆ کاندیدەکانی پارتی... | |
| ١٥ | بەڵێندان | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | گوی دەق | |
| | بەڵێندان | ئاینی | ڕاستەوخۆ | ...مەسیح و موسڵمان و... | |


خشتەی ژمارە (١)

## دیاریکردنی ستراتیژیەت و ئایدۆلۆجیاکانی گوتن




چارتی ژمارە (١)

چەند جارەی بەکارهێنانی جۆری ستراتیژیەتەکان




چارتی ژمارە (٢)

ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکان

### ١ – ٣ شیکاری گوتاری کۆمەڵی ئیسلامی

لەم توێژینەوەیە لە گوتاری (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان)دا، ئایدۆلۆجیاي (حیزب) و (ئاین)ی، بەیەک ڕەگەز دانراون لەسەر ئەو بنەمایەی کە (ئاین) وەک شەریعەت و (ئاین) وەک ئایدۆلۆجیاي سیاسی هاوتەریبی یەکن، گوتاری حیزبی بەرهەمی گوتاری ئاینییە. لە خشتەی ژمارە (٢)دا، ژمارەی گوتن و ستراتیژیەت و ئایدلۆجیاي گوتن ئاستی واتایی و بەڵگەی زمانی دیاریکراوە، لە چارتی ژمارە (٢) خراوەتەڕوو. لە چارتی ژمارە (٣)دا، ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکان نیشاندراوە.

| ژمارەی گوتن | ستراتیژیەتی گوتن | جۆری ستراتیژیەت | ئاستی واتایی | بەڵگەی زمانی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕاگەیاندن | ئاینی | ڕاستەوخۆ | کۆی دەق | |
| ٢ | ڕونکردنەوە | ئاینی | ڕاستەوخۆ | دەمەوێت هەڵوەستەیەکی کورت...کە ئێستا لە میسر | ١ |
| ٣ | ڕونکردنەوە | ئاینی | ڕاستەوخۆ | کۆی دەق | |
| ٤ | پابەندکردن | ئاینی | ڕاستەوخۆ | مافی سەرپێشککردنی نیە... | ٢ |
| ٥ | ناساندن | ئاینی | ڕاستەوخۆ | کۆمەڵی ئیسلامی کێیە... | |
| ٦ | بەرپرسیاریەتی | ئاینی | ڕاستەوخۆ | ئێمە دەمانەوێ خۆمان و میلەتەکەمان... | |
| ٧ | شانازیکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | کۆی دەق | |
| ٨ | شانازیکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | کۆی دەق | |
| ٩ | ڕونکردنەوە | ئاینی | ڕاستەوخۆ | ئێمە تێگەیشتنمان بۆ ئیسلام بە هەمو لایەک... | |
| | ڕونکردنەوە | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | ...دەزانین واقیع و هەلومەرجی... | |
| ١٠ | ڕونکردنەوە | ئاینی | ڕاستەوخۆ | کۆی دەق | |
| ١١ | ڕونکردنەوە | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | ئێمە دەمانەوێ هەرێمی کوردستان... | |
| ١٢ | ڕەخنەگرتن | ئاینی | ڕاستەوخۆ | کۆی دەق | |
| ١٣ | ناساندن | ئاینی | ڕاستەوخۆ | کۆی دەق | |
| ١٤ | ڕەخنەگرتن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | ئەگەر ئێمە دڵسۆزبین بۆ... | |
| ١٥ | بەرپرسیاریەتی | ئاینی | ڕاستەوخۆ | ئەو هەڵبژاردنە بەرپرسیاریەتێکی زۆر ... | |
| | ناچارکردن | ئاینی | ڕاستەوخۆ | قەرزە ئینسان دەبێ... | |
| | ترساندن | ئاینی | ڕاستەوخۆ | ئەگەر نا خوا ئاگادارە... | |
| ١٦ | بەرپرسیارکردن | ئاینی | ڕاستەوخۆ | چاوەڕوانیمان لە خەڵک و جەماوەر... | |
| ١٧ | شانازیکردن | ئاینی | ڕاستەوخۆ | کۆی دەق | |
| ١٨ | بەررسیارکردن | نەتەوەیی | ناڕاستەوخۆ | ئەوە خەڵک و ئەوە هیمەتی خەڵک فەرمون... | |
| ١٩ | بیرهێنانەوە | ئاینی | ناڕاستەوخۆ | کۆی دەق | |
| ٢٠ | ئامۆژگاریکردن | ئاینی | ناڕاستەوخۆ | کۆی دەق | |
| ٢١ | بیرهێنانەوە | ئاینی | ڕاستەوخۆ | ...هەڵەبجەی ئیمەی هاتەوە بیر... | |
| | سوپاسکردن | ئاینی | ڕاستەوخۆ | وەک هەستێکی کوردایەتی مزسڵمانیەتی... | |
| ٢٢ | دانپیانان | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | لە هەر کام لە بەشەکانی دی کوردستان... | |
| | پشتیوانیکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | ...بەناوی لیژنەی بنیاتی دەوڵەتی کوردی... | |
| ٢٣ | ئامۆژگاریکردن | نەتەوەیی | ڕاستەوخۆ | کۆی دەق | |
| ٢٤ | داواکاری | ئاینی | ڕاستەوخۆ | کۆی دەق | |


نەخشەی ژمارە (٢)

دیاریکردنی ستراتیژیەت و ئایدۆلۆجیای گوتن

### ڕونکردنەوەی تێبینیەکان:


١ – نێرەر، بەهۆی ستراتیژیەتی ڕوونکردنەوە کردەی قسەیی (ڕونکردنەوە، ئاگادارکردنەوە، تانەلێدان، هاندان) ڕادەپەڕێنیت.

٢– نێرەر بە هۆکاری ئاینی مەبەستیەتی وەرگر پابەند بکات.




چارتی ژمارە (٢)

چەند جارەی بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکان




چارتی ژمارە (٣)

ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکان

**٢ -٤ خستنەڕو و بەراورد**


لە کۆمەڵگەی سیاسی کوردیدا، دوو گوتاری ئایدۆلۆجی (نەتەوەیی و ئاینی) جیاواز و تێکەڵ بە یەکتری بوونی هەیە. ئەم دوو گوتارە لە کوردیدا لەیەکتری جیانەکراونەتەوە، بە ڕێژەی جیاواز چەمکە ئاینییەکان لە گوتاری پارتە ئایدۆلۆجیا نائاینییەکان بەکاردێت و بە پێچەوانەش پارتە ئاینییەکان پەنا بۆ چەمکە نەتەوەییەکان دەبەن. لە کۆی ئەم دوو گوتارە جیاوازە، لە شەقامی سیاسیی کوردی ئایا هەژموونی کامیان زیاترە. بە پرۆسەی وەرگرتنی تێکڕای گشتی و دۆزینەوەی کۆلکەی هاوبەش و

بەراوردکردن، دەگەین بەم ئەنجامە کە، لەلایەن پارتە ئایدۆلۆجیا نائاینییەکان بە ڕێژەی (٧٥%) لە چەمکی ئایدۆلۆجیای نەتەوەیی و بە ڕێژەی (١٣%) لە چەمکی ئایدۆلۆجیای ئاینی بەکارهاتووە. لە بەرانبەردا پارتە ئایدۆلۆجیا ئاینییەکان بە ڕێژەی (٢٥%) لە چەمکی ئایدۆلۆجیای نەتەوەیی و بەڕێژەی (٨٧%) چەمکی ئایدۆلۆجیای ئاینی بەکارهاتووە.

| پارتی سیاسی | ستراتیژیەتی نەتەوەیی | ستراتیژیەتی ئاینی | ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی نەتەوەیی | ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی ئاینی |
|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢٧ | ٣ | ٧٥٪ | ١٢٪ |
| کۆمەڵی ئیسلامە کوردستان | ٩ | ٢٠ | ٢٥٪ | ٨٧٪ |
| کۆی گشتی | ٣٦ | ٢٣ | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٣)

تێکڕای بەراوردی نێوان قەوارە ئایدۆلۆجیا نەتەوەیی و ئاینی




چارتی ژمارە (٤)

ژمارە و ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکان

گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان

گوتاری پارتی ناوبراو بەجیا، ستراتیژیەتی نەتەوەیی بە ڕێژەی سەدی (٩٠%) بە (٢٧) جار بەرانبەر ستراتیژیەتی ئاینی بە ڕێژەی سەدی (١٠%) بە (٣) جار بەکارهێناوە. دواتر لە ئەنجامی وەرگرتنی سەرجەم و تێکرا و بەراوردکردنی بە گوتاری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ڕێژەکە دەگۆڕێت بۆ (٧٥%) لە ستراتیژیەتی نەتەوەیی و (١٣%) لە ستراتیژیەتی ئاینی بەکارهێناوە. لە داڕشتنی ستراتیژیەتی گوتاردا، ڕەوانبێژیی گوتە زمانییەکان وەک بەڵگەیەکی زمانی بۆ پێدانی بە ستراتیژیەت و شێوازی جیاواز بەکارهێناوە. وەک شێوازەکانی (پیاهەڵدان، شانازیکردن،

بەراوردکردن، بەڵێندان، تۆمەتبارکردن) لە سیاقی بەستنەوەی بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەکارهێناوە.

گوتاری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

گوتاری پارتی ناوبراو بەجیا، ستراتیژیەتی نەتەوەیی بە ڕێژەی سەدی (٣١%) بە (٩) جار بەرانبەر ستراتیژیەتی ئاینی بە ڕیژەی سەدی (٦٩%) بە (٢٠) جار بەکارهێناوە. دواتر لە ئەنجامی وەرگرتنی سەرجەم و تێکرا و بەراوردکردنی بە گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێژەکە دەگۆڕێت بۆ (٢٥%) لە ستراتیژیەتی نەتەوەیی و (٨٧%) لە ستراتیژیەتی ئاینی بەکارهێناوە. لە داڕشتنی ستراتیژیەتی گوتاردا، ڕەوانبێژیی گوتە زمانییەکان وەک بەڵگەیەکی زمانی بۆ پێدانی بە ستراتیژیەت و شێوازی جیاواز بەکارهێناوە. وەک شێوازەکانی (ڕوونکردنەوە، وەسفی چیرۆک، زۆریی بەڵگە، پرسیارکردن) گوتەی قورئان و گوتەی ئاینی وەک بەڵگە و بورهانی زمانی لە سیاقی بەستنەوەی بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەکارهێناوە.

## ئەنجام

١ – لە گوتاردا، ستراتیژیەت و بەڵگەی زمانی، دوو ڕەگەزی سەرەکیی دارشتنی گوتارە، ئەرکی ڕازیکردنی وەرگر دەبینێت.

٢ – گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە دارشتنی ستراتیژیەتی گوتاردا، بەڕێژەی (٧٥%) ستراتیژیەتی نەتەوەیی کە، هەژموونی بەسەر گوتاردا کردووە لە ئاستێکی بەرزدایە و بۆتە بەشێک لە گوتار، لە بەرانبەر ڕێژەی سەدی (١٣%) لە ستراتیژیەتی ئاینی کە، ڕێژەیەکی کەمە بەراورد بە ستراتیژیەتی نەتەوەیی بەکاریهێناوە.

٣ – گوتاری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە دارشتنی ستراتیژیەتی گوتاردا، بە ڕێژەی (٢٥%) ستراتیژیەتی نەتەوەیی کە لە ئاستی ناوەنددایە، بەراورد بە ستراتیژیەتی ئاینی کە، لە ڕێژەی (٨٧%)دایە.

٤ – داتاکان ئەوە دەسەلمێنن کە، ئایدۆلۆجیای نەتەوەیی لەلای تاکی کورد و شەقامی سیاسیی کوردی بۆتە ڕەگەزێکی سەرەکیی گوتار و هەژموونی بەسەر گوتاردا هەیە، تەنانەت قەوارە ئایدۆلۆجیا ئاینییەکانیش ناتوانن فەرامۆشی بکەن، ئەگەر وەک تەکتیکێکی سیاسیش بەکاریبێنن.

## لیستی سەرچاوەکان


- باتريک شاردو، دومنيک منغو، ٢٠٠٨ معجم تحليل الخطاب، ترجمة، عبدالقادر المهيرى، حمادى صمد، طبعة الاولى، دارسيناترا.

- حسن المودن،٢٠١٤، بلاغة الخطاب الاقناعى، طبعة الاولى، دار الكنوز، عمان.

- سعيد يقطين، ١٩٨٩ تحليل الخطاب الروائى،الزمن،السرد، التبئيرى، طبعة الولى، مركز ثقافى العربى.

- سلوى الشرفى،٢٠١٠ تحليل الخطاب الرسائل السياسية فى وسائل الاعلام، طبعة الاولى، مركز نشر الجامعى، تونس.

- سامية بن يامنة، ٢٠١٩ تداولية سياق الحال فى الفعل الكلامى دراسة تحليلية تطبيقية، طبعة الاولى، دار الكنوز، عمان.

- عبدالهادى بن ظافر، ٢٠٠٤ استراجيات الخطابة مقاربة لغوية تداولية، دار الكتب الوطنية، ليبيا.

- محمد خطابى، ٢٠٠٦ ليسانيات النص، الطبعة الثانية، المركز الثقافى العربى، المغرب.

- منية عبيدى، ٢٠١٦ التحليل النقدى للخطاب، نماذج من الخطاب الاعلامى، طبعة الاولى، دار الكنوز، عمان.

- محمد، محمد يونس على، ٢٠١٦ تحليل الخطاب وتجاوز المعنى، طبعة الاولى، دار الكنوز، عمان.

- زکریا ثرتی، ٢٠١٤  الحجاج فی الخطاب السیاسی المعاصر، طبعة الاولی، دار الجدارا للکتب، عمان.
- زاهیری، محمد، حاجی زاده، یاسین، ٢٠٠٦، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی هەولێر، هەولێر
- محمد شومان، ٢٠٠٧ تحلیل الخطاب الاعلامی نظریة ونماذج الطبیقیة، طبعة الاولی، دار المصر اللبنانیة، قاهرة.
- وەڵەد بەگ، ئازاد، ٢٠٠٥ فەرهەنگی نیگا، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی هەولێر، هەولێر.
- محمد مشبال، ٢٠١٨ فی البلاغة الحجاج، طبعة الاولی، دار الکنوز، عمان.
- محمد، ولد سالم امین، ٢٠٠٤  حجاجیة التاویل في البلاغة المعاصرة، طبعة الاولی، المرکز العالمی للدیراسات، طرابلس.
- عبدالطیف عادل، ٢٠١٧ الحجاج فی الخطاب، مقاربات التطبیقیة، طبعة اولی، موئسسة افاق، مراکش.
- مروان،حسن،٢٠١٩، اشکالیة الدولة واسم السیاسی قبل وبعد پوراة  الربیعا لعربي، دول          المغربي ,العربي نمودجا، مجموعة من المؤلفي، ألمانیا, برلین.
- Teun A. van Dijk and Walter Kintsch,1983, Strategies of Discourse, Comprehension, New York, Academic Press
- Oxford ox٢p. John J. Gumperz, Discourse Strategies, ١٩٨٢, Cambridge
- University.

**ملخص البحث**

البحث يتقدم من المقدمة والخاتمة وفصلين أثنين.

الفصل الآول: الجانب النظري للبحث, دار الحديث حول التعريف بالخطاب في المستوى اللغة, والخطاب السياسي بعد ذللك تطرقنا الى نظرية ستراتيجية الخطاب, مع تحديد جناس ستراتيجية الخطاب, وعلاقة ستراتيجية الخطاب بمستويات اللغة. وبعد ذاللك تحدثنا عن الجانب النظرى للخطاب البرهانى و مايخص بتأثير البرهان في مسألة الاقناع, مع الحديث عن بلاغة الخطاب البرهانى واسلوب الخطاب البرهانى.

الفصل الثانى: متعلق بالجانب التطبيقى, حيث العمل على تحليل خطاب احزاب السياسية وبذالك قمنا باللأشارة الى نوع ستراتيجية المتبعة مع تحديد البرهان اللغوى للنص, وفى الختام ذكرنا اهم النتائج وملخص البحث باللغتين العربية والانجليزية و قائمة المصادر.

Abstract

The research consists of an introduction, a conclusion, and two chapters

The first chapter: The theoretical aspect of the research. The discussion

political discourse after that. After that, we talked about the theoretical

aspect of the demonstration discourse and what is related to the effect of

the evidence in the issue of persuasion

Chapter Two: Relates to the practical aspect, where we work on

analyzing the discourse of political parties and thus we have referred to

the type of strategy followed, with the “linguistic proof” of the text

specified, and in conclusion we mentioned the most important results and

the list in the Arabic searches

## پەڕاوێز

-[1] سیفەتی خلودی هەیە ،قابیلی هیچ هەلەیەک نیەهەلگری مەدلول وئاماژەی بێکۆتایە پارێزراوە لە دەستکاری کردن و گۆرین ،تینیا شیاوی جێبەجێکردنە .

2 - سەرچاوەی لە گوتەی ( قورئان،پێغەمبەر ،ئاینزاکان ،کەسایەتیە ئاینیەکان )وەرڤرتوە لە بۆنە ئاینیەکان و بابەتە سیاسییەکان بەکاردێن

3- وشەیەکی یۆنانی (strategia) بە واتای سەردارو سوپا سەردار دێت ،لە سەرەتادا لە بواری سەربازیدا بەکاردەهات دواتر سنوری بەکارهێنانی وشەکە فراوان بو لە بوارەکانی ( ئابوری ، هونەری ٠٠٠٠ )سترتیژیا بەواتای ( پلانی گشتی یان دارشتنی سیاسی ) بۆ زانیاری زیاتر سەیری ( محمد محمود ١٩٩٦ ) و ( ئازاد وەلی بەگ ، فەرهەنگی نیگا،:١٩٩٥ ٢٥٧ ) بکە ٠

4- لە وانەی لەم بوارەدا کاریان کردوە جون گەمپیرز Gohn Gumperz لە پەرتوکیکدا بەناوی (ستراتیژیەتی گوتار) لە رێگەی شیکردنەوەی کردەی ئاخاوتن هەولیداوە ستراتیژیەتی شیکردنەوەی لەلای وەرگردیارییکا. هەروەها تیون ئەدریانوس ڤان دایک و لتر کینتج (TenuAdrianus Van Dijk & WalterKintsch) لە پەرتوکیکدا بە ناونیشانی (ستراتیژیەتی تێگەیشتن لە گوتار) بەراوردێک دەکات لە نێوان ستراتیژیەتی تێگەیشتن یاریکردن و ستراتیژیەتی تێگەیشتن تێگەیشتن لە گوتار، خاڵی هاوبەش و لێکچوو لە نێوانیان دیاریدەکات لە یاریکردندا پێویستی بە چەند هەنگاوێکی سەرکەوتوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی کۆتایی و سەرکەوتن بەهەمان شێوە لە گوتاریشدا بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانەی خوارەوە بکە٠

١/ Johan j . Gumperz (Discoures Strategies) ١٩٨٢

٢ T eun A.Van Dijk & WalterKintch . Stratiges of Discours Comprehnsion

٥- ڕاگەیاندنی کۆمەلی ئیسلامی کوردستان، کەنالی پەیام، هەڵمەتی هەڵبژاردنی سالی ٢٠١٣ ٠

٦- تویتێکی سەرۆک کۆماری تورکیا (رەجەب تەیب ئەردۆغان) لەکاتی داگیرکردنی شاری (عەفرین) لە ڕۆژئاوای کوردستان.

٧- ناونیشانی وتارێکی نوسەری ئەمریکی (مایکل روبن) لە دوای دەرچوونی ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان (ئەستەنبول) لە ولاتی تورکیا کە پارتی داد و گەشەپێدان بە سەرۆکایەتی (رەجەب تەیب ئەردۆغان) شکستی هێنا٠

٨ - لەزمانی عەرەبیدا ، ئەم جۆرە گوتارە بە گوتاری بەڵگەیی (خطاب الحجاج) ناسێنراوە ٠ بۆ زانیاری زیاتر سەیری:

١- حجاجية التأويل: محمد ولد سالم: ٢٠٠٤ )

٢-الحجاج فی الخطاب: عبدالطيف عادل: ٢٠١٧)

٣-الحجاج فی خطاب السياسی المعاصر:٢٠١٣) بکە.

٩ -بورهان (البرهنة ) لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە ، لە زمانی کوردیدا و لە بواری یاسایشدا (بورهان) بەکاردێت٠

## نموونەی گوتار

گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان

خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە بە هیمەتی گشت لایەک لەبەردەم هەڵبژاردنێکی دیکەی پەرلەمانیین لە وڵتەکەماندا.

١) سوپاس بۆخودا لە ئەنجامی کۆڵنەدان و بەرخودانی گەلی کوردستان و فیداکاری گیانفیدایی شەهیدە سەربەرزەکانمان و ئیرادەی پۆلاینی پێشمەرگە قارەمانەکانمان وڵاتەکەمان هەنگاوی زۆر مەزنی بەرەو پێشەوە ناوە.

٢) لەسایەیی ئەو سەقامگیری و ئازادی و ئاسایشەی لە کوردستان بەرقەرارەوا قۆناغەکانی بنیاتنانی کیانێکی نەتەوەیی دیموکراتی و گەشە سەندو تێدەپەڕێنین. فرە لایەنی سیاسی و ئازادی بیرورا و ڕەچاوکردنی مافە کۆمەلایەتی و تاکە کەسیەکان و بەرپابونی دامودەزگای سیادی و کارکردن بۆ چەسپاندنی یاسا و زیندویەتی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان و هەروەها بوژاندنەوەی ئابوری و ئاسودەیی خەڵکی سەربەرزی کوردستان ئەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆ هەمومان شاهیدی بەدیهاتنین مایەیی شانازی تاک بەتاکی گەلی کوردە.

٣) ئێستا هەرێمی کوردستانی عیراق لە هاوکێشە نێو دەوڵەتیەکاندا سەنگی خۆی هەیە کاریگەری بەسەر روداوەکان و ئایندەی سیاسی ناوچەکەدا هەیە، سەردەمی نکۆڵی کردنی کورد بەسەرچو ئیستاکە ئەوە گەلی کوردستانە بە هەڵسوکەوتی دیموکراتی و ئاشتیانەی بۆ دنیایی دەرەوەی سەلماندوە چەند گەلێکی ئاشتی پارێزە و حەزی لە پێشکەوتنە ئەو دەسکەوتە مەزنانە بەشێک لەو ئامانجانەنن کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناویدا دامەزراوە و دەیان ساڵە کاری بۆ کردوە قوربانی بۆ دەدا وە لە داهاتوشدا بەهەمو توانایەکیەوە لە پێناو پاراستن و گەشەپێدانیدا خۆی بۆ تەرخان دەکات، هەر لە سەرەتاوە ئامانج و ئاواتەکانی پارتی مەزن و پرشکۆ بون.

٤) نەیارانی گەلی کورد بە قولی لە پەیامی پارتی گەیشتبون بۆیەش بە درێژایی تەمەنی پارتی هەردەم گەوتۆتە بەر نیشانەی رق و دوژمنایەتینەیاران و ناحەزانی گەلی کوردستان بەڵام سەرئەنجام ئەوە پارتی و کە سەرکەوتن چونکە ئامانجەکانی پارتی راست و رەسەن و پیرۆزن ئومێدی گەلێکی ستەمدیدەن پارتی هیوای سەرەکی گەلی کوردە لە هەمو بەشەکانی کوردستاندا پارتی و رێبازی بارزانی نەمر بۆیە لە نێو دڵ و ویژدان و مێژوی کوردستاندا جێگەیەکی ئەبەدیان کردوە چونکە پارتی هێزێکی ئازادیخوازو مرۆڤ پارێزە خاوەن رەوشتی کوردەواریە و هیچ کاتێک نەەبۆتە ناوەندێک بۆ هزری نکۆڵیکاری و تۆندرۆیی و شۆڤێنیەت و ناوچەگەری پارتی هێزێکی

نامۆ و هاوردەنیە بەڵکو هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردەواریە شانازیەکی گەورەیە کە پارتی یەکێکە لە هێزە سەرەکیەکانی بنیاتنانی ئەو وڵاتە ئێستاکە تیایدا بەسەر بەرزی دەژین مێژو دەسکەوتەکانی پارتی وەک رۆژی روناک دیارن دۆست و دوژمن شاهیدی ئەو راستیەن.

٥) بەڵام خۆشەویستانم گرنگ ئایندەیە هێشتا پارتی رێگەیەکی دورو درێژی لەبەر دەمەو ئەرکێکی قورسی نەتەوەیی لەسەر شانە کە دەبێ ئەنجامی بدات و بیهێنێتە دی ئەوەش بە هیمەتی ئێوەی سەربەرزو قارەمان و بەرخودان و ئاشتیخوازی و هەڵسوکەوتی سەردەمیانەو دیموکراتی دەکرێت وەک چۆن پارتی خاوەنی توراسێک و مێژو کەلتورێکی دەوڵەمەندی نەتەوەیە دەبێ ئێستاو دوارۆژیش پربێ لە سەروەری و دەسکەوتو پێشکەوتن و خزمەتکردنی کیانی نەتەوەیی ئێوە داهێنەری دیموکراسی و ئازادی خوازی و پێکەوە ژیان و پێشکەوتنی کوردستانن هەر ئێوەش دەبێ بیپارێزن و پەرەی پێبدەن.

٦) ئەمرۆ لە رۆژێکی پیرۆزداین هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستی پێکردوە دەبی هەمومان خۆشحاڵببین و شانازی بکەین کە گەلەکەمان گەیشتۆتە قۆناغێک کە دیموکراسی بکاتە سەر مەشق بۆ ژیانی سیاسی خۆی بۆیە ئەرکی ئێوەی ئەندام و لایەنگرو کادیری پارتی زۆرقورس و هەستیارە پێویستە ئەوەندەی لە دەستان بێت رەچاوی بنەماکانی دیموکراسی و مەدەنیەت و یاسا بکەن و ببنە نموونەو پێشەنگ چونکە ئەخلاق و ئامانج و پرەنسیپەکانی پارتی وادەخوازێ کە پارتیەکان هەروەک چۆن لەسەروەری ودەسکەوتە نەتەوەیەکان پێشەنگ و نموونەن لە مەدەنیەت و ژیانی دیموکراسیشدا پێشەنگ و نموونە بن.

٧) راستە پارتی و مێژو و سەروەریەکانی ماوەیەکە کەوتۆتە بەر پەلاماری چەواشەکاری و نکۆڵیکرن و دوژمنکاری، بەڵام ئێوە دەبی وانەی دانبەخۆداگرتن و سلوکی مەدەنی بن ئەرکی ئێوە لە خەڵکانی دی قورسترە ئێوە دەبێ ئەوانیش بپارێزن و خزمەتیان بکەن چونکە خزمەتکردنی گەڵ و وڵات میراتی پارتی و رێبازی بارزانی نەمرە و ئەرکی سەرشانتانە کارێبێکەن بۆ ئەوەی ببنە نموونەو جیهانی پێ سەرسام بکەن. کاتی خۆتان بۆ وەڵامدانەوەی خەڵکێک نەکوژن کە هەمو ئامانجیان هێرشکردنە سەر پارتیە کاتی ئێوە دەبێ لەوە بە نرختربێ خۆتان بە وەڵامدانەوەیان خەریک بکەن ئێوە دەبێ تەنیا سەرقاڵی خزمەتکردنی گەل و حیزبەکەتن بن.

٨) راستە گەڵی کوردستان بە درێژایی مێژو توشی نەهامەتی هاتوە بەرێگەی جۆراوجۆر هەوڵدراوە لە ناسنامەو رەسەنایەتی خۆی دوربخرێتەوە بەڵام توانیویەتی خۆی بپاریزێ لە مێژو کەلتوری ناوچەکەدا پشکی هەبێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان

موسوڵمان وشانازی به موسڵمانبونی خۆی دەکات وریزمان هەیە بۆ هەمو خەلکانی تر بەڵام ئەوەیان بەو مانایەنیە خۆمان و مێژو هیماو کەڵەپیا وپیرۆزیەکانمان پشتگوێ بخەین خەڵکی دی بەسەرخۆمان فەرز بکەین و بیانکەینە سەرمەشقی خۆمان پیویستە هەمولایەک دەست بە شانازیە نەتەوەیەکانمانەوە بگرین وبیکەینە شوناس و ریزی لیبگرین پارتی هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەو مەبەستە هەنگاوی نا گەورەترین دەسکەوتی پارتی دروستکردنی بروا بە خۆ بونە لە ناخی تاکی کوردستانی دورکەوتنەوە لە خۆ بە بچوکزانین بو کە دوژمنانی گەلەکەمان هەمو تواناکانیان بەکاردەهێنا کە تاکی کورد بروای بەخۆی نەمێنێ وئیرادەی تێکبشکێنرێ بروای بەخۆیی و وڵاتی نەمێنێ ئینتیمای لاواز بکات و بکەوێتە ناو داوی ناوچەگەری و ئایدۆلۆژیایی بەر تەسک و توندرۆیی نامۆ.

٩) ئەوە داواتان لێدەکەم ئیرادەتان بەهێزتر بکەن چونکە ئیرادەی ئێوە دەبێتە هۆی تیکشکاندنی هەمو هەوڵێک کە دەیەوێ تاکی کورد لە نیشتیمانەکەی بشۆرێنیت و سست و لاوازی بکات با سوکایەتی و هەرەشە بکەن با ئیرهابی فیکری لە دژتان بکەن با ئەوەی لە دەستیان دیت بیکەن بەڵام ئێوەی سەربەرز مەوەستن بەردەوام بن چونکە ئامانجەکانتان زۆر مەزنترو شکۆمەندترە ئێوە لەسەر ڕێگەی ڕاستن ئەگەر ڕاستی بکەوێتە بەر پەلاماری رق و کینە بەڵام دواجار هەر ڕاستیەکە سەرکەوتوە.

١٠) هەرچۆنێک بێت و لەهەربارودۆخێکدا پارتی بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ بەدیهێنانی خەونە نەتەوەیەکانی گەلی کورد. لەو ڕێگەیەدا پارتی دەستی دۆست و هاوکاری بۆگشت لایەکی کوردستان درێژ دەکات کە خزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەیی بکات ئامادەشە وەک هەمیشە دیالۆگ و لێکتیگەیشتن بکاتە بەرنامەی کاری خۆی لە بەردەوامی خەباتی خۆیدا پارتی هەمو هەوڵێک دەخاتە گەر تا کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کە دەسکەوتیکی گرانبەهایە بۆ گەلەکەمان سەربخرێت گەلی کورد ببێتە خاوەن گوتارێکی یەکگرتو لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

١١) ئێستاش کە خوشک و براکانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دۆخێکی نالە بارو پر لە مەترسیدا دەژین بە هەمو توانایەکمان خزمەتیان دەکەین داوایش لە هەمو هێزو لایەنەکانی ڕۆژئاوا دەکەین یەکریزبن و لەگەڵ یەکتریدابن بۆ ئەوەی گەلەکەمان لەو بەشەی کوردستاندا بەمافەکانی بگات.

١٢) سەبارەت بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی دەزانم داوا لە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و گشت لایەنە پەیوەندی دارەکان بکەم هەمو هەوڵێکیان بخەنەگەر بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان بە سەرکەوتویی و بێگەردی کۆتایی بێتب بواریش بۆ زۆرترین بەشداری هاوڵاتیان برەخسێت.

١٣)داوا له ههموو خهڵكی كوردستان و ههوادارانی پارتی دیموكراتی كوردستان دهكهم به فراوانترین شێوه بهشداری ههڵبژاردنی پهرلهمانی بن. بههۆشیاریهكی تهواوهوه دهنگ به كاندیدهكان بدهن و باشترینیان ههڵبژێرن ئهوهیان فرسهتێكی مهزنه بۆ گهلهكهمان به بهشداری خۆیان پرۆسهی دیموكراسی دهوڵهمهنتر بكهن.

١٤)داوا له ئافرهتان و گهنجان و لاوان دهكهم بهجۆش و خرۆشهوه بهشداری ههڵبژاردنهكان بن ئافرهتان رۆڵێكی مهزنیان له شۆرش و خهبات و پێگهیاندنی رۆڵهكانمان ههبوه دهبی له سهنگهری بهرگری له دیموكراسی له شهرعیهتدا زۆرترین بهشداریان ههبێ جێی دهستیان له پرۆسهی سیاسی ولاتدا دیاربێت گهنج و لاوهكانمان دوارۆژی ئهم ولاتهن پێویسته گهنجهكانمان بهشداریهكی بهرچاویان لهههڵبژاردندا ههبێت بهشداربن له نهخشهی سیاسی ولاتدا. ئامۆژگاریم بۆ كاندیدهكانی پارتی دیموكراتی كوردستان ئهوهیه كه بهوپهری راستگۆیی و دڵسۆزی لهگهڵ ههواداران و دهنگدهراندا بدوین ئامانجی سهرهكیمان تهنیا خزمهتی گهلی گوردستان بێت نهک هیچ شتیكی دی بۆ بهدهستهێنانی دهنگی جهماوهر پشت به شێوازی قهناعهت پێهینان ومتمانه ببهستن و له بهدهستهێنانی دهنگی خۆتان له ههمو شێوازیكی ناشیرین بپاریزن پێویسته ئهوهی دهنگ به پارتی دهدات به تهواوی بروا قهناعهتهوه دهنگ بدات. پێویسته كاندیدهكانی پارتی پابهندی پهیامی نهتهوهیی و دیموكراتخوازو ئاشتی پارێزانهی پارتی بن بههیچ شێوهیهک له هێلهكانی لانهدهن. ئێوه متمانهی گهل و دهنگی خۆتان بهدهستدههێنن. بۆیه ئهركی سهرشانتانه خزمهتیان بكهن وهڵامی دهنگ و متمانهیان به خزمهتكردن ودڵسۆزی ههرچی زیاتر بیدهنهوه چاوهروانیهكی زۆر له ئێوهی كاندیدی پارتی ههیه كه رۆڵی بهرچاوتان له دارشتنی ژیانێكی باشتر و ئایندهیهكی باشتر بۆ ههرێمی كوردستان ههبێ داواتان لێدهكهم كه بهڵێنی وا بهخهڵک نهدهن كه پێتان جێبهجێ نهكرێت راستگۆیی پارتی و راستگۆیتان له كورسی گرینگتره.

١٥)پارتی له خهباتی بهردهوام دهبی و ناوهستێ ههتا ئاواتی شههیده نهمرهكانمان نههێتهدی پارتی ههرگیز ناوهستێ ههتا خوێنی به ناحهق رژاوی ههڵهبجهو ئهنفال وههمو شههیدانی كوردستان دهكاته ههوێنی ئایندهیهكی گهش بۆ كوردو كوردستان و نهوهی داهاتو پارتی ناوهستێ ههتا ئهو كاتهی پێكهوه ژیان و ئاشتیخوازی و لێبوردهیی و پاراستنی مافی توركمان و كلدۆئاشورو سریان و ئهرمهن و موسوڵمان و مهسیحی و ئیزدی و ههمو ئاین و ئاین زاكانی دی له كوردستان بكاته نموونهیهک بۆ ناوچهكهو سهرتاسهری جیهان پارتی ناوهستێ ههتا ئهو كاتهی گهلی كوردستان له چهشنی نهتهوه سهربهرزهكان پشت راست دهكاتهوه و بهرهو ئاسۆیهكی پر ئومید ههنگاو دهنێت.

گوتاری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

١) جەماوەری بەڕێز و خۆشەویستی کوردستان.. سلام علیکم و رحمة الله تعالی و برکاتە, ئەمڕۆ ئێمە لە کۆمەڵی ئیسلامیەوە لیستەکەمان لیستی ژمارە ١٠٤ بە ئێوەی بەڕێز ڕادەگەیەنین. بێگومان گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵک گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵک بۆ ئەوە کە خەڵک وجەماوەر خۆی مشوورخۆرانی وڵاتی خۆی بەرپرسانی خۆی هەڵبژێرێت نیشانەی زیندوویەتی کۆمەڵگا ومیللەتانە وە حاڵەتی ئاسایی و سروشتیش بۆ میللەتێکی موسڵمان بۆ میللەتێکی پەروەردەی قورئان و سونەت وشەریعەت ئەوەیەکە بگەڕێتەوە بۆ لای خەڵک و جەماوەر بزانێ خەڵک و جەماوەرەکەی کێ دەکاتە نوێنەری خۆی بۆ دەسەڵاتی یاسادانان پاشان کێ بەشایستەی ئەوە دەزانێت کە بەرپرس و حوکمڕانی بێت بۆ ئیدارەکردنی وڵات بەو بۆنەیەوە من دەمەوێ کە بۆبەرچاو روونی خوشک وبرایانمان بۆ بەرچاو روونی خەڵک و جەماوەری هەرێمی کوردستانمان چەند خاڵێک بخەمەڕوو تاکو بزاندرێت ئێمەی کۆمەڵی ئیسلامی چۆن تەماشایی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەین وە چۆن وە چیمان پێیە بۆ خەڵک و جەماوەری خۆمان دەمانەوێت چی بکەین و چۆن بکەین.

٢) خاڵی یەکەم: دەمەوێ هەڵوێستەیەکی کورت بکەم لە بەرامبەر گرینگی و ڕەوایی هەڵبژاردندا، گەڕانەوە بۆ ڕایی خەڵک هەڵبژێردرانی نوێنەرانی خەڵک کە دوایی ئەنجومەنی نوێنەران یان پەرلەمان پێکدێنن، وە پاشان گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵک بۆ دیاریکردنی بەرپرسان و حوکمڕانان گرنگیەکەی لە چی دایە گرنگیەکەی لەوەدایە کە بەدیلی هەڵبژێردرانی بەرپرسان و مشوورخۆرانی وڵات بریتیە لە حوکمی دیکتاتۆری بریتیە لە خۆ فەرزکردن بریتیە لە قۆرغکرانی دەسەڵات لە لایەن کەسێکەوە یان بنەماڵەیەکەوە یان دامەزراوەیەکەوە وەکو ئەوەی کە ئێستا لە مصر دەیبینین ئێمەی موسڵمان دەبێ دڵنیابین لەوە کە سروشتی دینەکەمان لەسەرمان فەرز دەکات کە بگەڕێینەوە بۆ ڕای خەڵک و جەماوەرمان ئەگەر بمانەوێ کەسانێک دیاریکەین کە بە ڕێیەکی ڕاستدا بمانبەن وڵاتمان بۆ ئیدارەبدەن تەماشابکەن برا و خوشکانی بەڕێز هەموو خیطاباتی قورئان ڕووی لە خەڵکە خوای پەروەردگار بە یا أیها الإنسان خەڵک دەدوێنێت بە یا بني آدم بە یا أیها الناس وە پاشان بە یا أیها الذین أمنوا ئەمە چی لێ وەردەگیرێت ئەمە لێی وەردەگیرێت کە لە ئیسلامدا هیچ توێژێک هیچ دەستەیەک هیچ تێروتاقمێک حەقی ئەوەی نییە دەسەڵات بۆ خۆی قۆرغ کات خاوەنی ئەسڵی دەسەڵات خەڵک و کۆمەڵگایە فوقەها و شەرعزانان هەموو لەسەر ئەوە یەک دەنگن کە خاوەنی ئەسڵی سوڵتە و دەسەڵات خەڵکە حاکیمیەت هی خوایە خوا دەبێت حەڵاڵ و حەرام دیاری کا ئەمر و نەهی بەڵام دەسەڵات و بەرپرسیارێتی سپاردن بە خەڵکی هی خەڵکە

خوای پەروەردگار لە ئایەتی ژمارە ٥٧ ی سورەتی النساء دا دەفەرموویت (إن الله يأمركم أن تؤدوا الأمانات إلى أهلها و إذا حكمتم بين الناس أن تحكموا بالعدل) خوا فەرمانتان پێ دەکات کە سپاردەکان تەسلیمی خەڵکی شایستەی خۆیان بکەن وە هەرکاتێک دادوەریتان کرد دادگەرانە دادوەری بکەن ابن تیمیة ڕەحمەتی خوای لێ بێ و زانایانی دیکەی ئیسلام دەڵێن لەم ئایەتەدا خوا لە یەک کاتدا هەم کۆمەڵگای دواندووە هەم بەرپرسان کۆمەڵگا و خەڵکی دواندووە کە ئەوانە مولزەمن بەرپرسیارەتی ئەمانەتی بەرپرسیارەتی و حوکمڕانی بە خەڵکی شایستە بسپێرن، بە خەڵکێک کە ئەهل بن کەفائەتیان هەبێت ئەمانەتیان هەبێت قووەتیان هەبێت وە حوکمڕانان و بەرپرسانیش خوا ملزەمی کردوون لەسەری فەرزکردوون کە دادگەرانە حوکمڕانی بکەن.

٣) ئەمجا ئەوانەی تانە دەدەن لە بەژداریکردن لە هەڵبژاردندا بە ناوی ئیسلامەوە زۆر خراپ بە هەڵە داچوون چونکە پێغەمبەری ئێمە صلی الله علیه وسلم بۆچی لە مەککە نەیتوانی دەوڵەتی ئیسلامی قەوارەی سیاسی پێکبێنێت چونکە بایی ئەوەندە خەڵکی لەگەڵ نەبوو کە بگونجێ قەوارەی سیاسیان لەسەر شان بنیاد بنێت پێغەمبەری خوا علیە صلاة و سلام چۆن قەوارەی سیاسی یەکەمی بنیادنا دوای ئەوە کە نوێنەرانی اوس و خەزرەج هاتن بەیعەتیان پێدا لە ساڵی ١٢یەمی کۆچی و ١٢یەمی پێغەمبەرایەتی و ١٣یەمی پەیمانی عەقەبەیان لەگەڵی بەست ئەمجا پیغەمبەر صلاة و سلام بنکەیەکی جەماوەری بۆ دروست بوو خەڵکێک کە ڕەوایەتییاندا بە دەسەلاتی پێغەمبەر علیە صلاة و سلام شەرعییەتیان پێدا ئێمەی ئیسلامی شەریعەتەکەمان خوا ناردوویەتی پابەندکەرە و مولزیمە بۆ هەموو لایەک بەلام شەریعەتەکەشمان ئەگەر خەڵک و جەماوەر ڕەوایەتی پێنەدا لەسەر زەوی نابێتە حوکمران. پێغەمبەران علیهم و صلاة و سلام هەموویان لە لوتکە دابوون لە هەموو ڕوویەکەوە بەلام بۆچی هەموویان نەیان توانیوە قەوارەی سیاسی دروستبکەن چونکە خەڵک ڕەوایەتی پێنەداون خەڵک لەگەڵیاندا نەبووە خەڵک پشتی نەگرتوون بۆیە بە بێ نازی ماونەتەوە کە وەکو پێغەمبەر دەفەرموویت علیە صلاة و سلام پێغەمبەری وا هەیە دێ لە ڕۆژی دوایی دا بە تاقی تەنیایە کەس ئیمانی پێ نەهێناوە هەیە نەفەرێکی لەگەڵدایە هەیە دووان و هەیە زۆر و هەیە کەم

٤) ئەمجا ئایە ئێمە ئیسلام دەخەینە ڕاپرسییەوە؟ ئیسلام دەخەینە هەڵبژاردنەوە؟ نا، ئیسلام خوا بۆی هەڵبژاردووین (اليوم أكملت لكم دينكم و أتممت عليكم نعمتي و رضيت لكم الإسلام دينا) خوا سبحان و تعالى لە حجة الوداع دا حەجی ماڵئاوایی لە ساڵی ١٠یەمی کۆچی ئەم ئایەتە موبارەکەی ناردە خوار دەفەرموویت ئەمڕۆ بەرنامەکەتانم بۆ تەواو کردوون وە چاکەی خۆم بەتەواوی لەگەڵ ئێوەدا کردووە وە

ئیسلامم بە بەرنامە بۆ هەڵبژاردوون، کەواتە ئیسلام لەلایەن خواوە هەوڵبژێردراوە هەر کەسێک خۆی بە بەندەی خوا بزانێ خۆی بە بڕوادار بزانێ مافی سەرپشکبوونی نییە ئایا ئیسلام بەرنامەی ژیانی بێت یان نا؟ (وما کان لمؤمن و لا مؤمنة إذا قضى الله ورسوله أمرا أن يكون لهم الخيرة من أمرهم و من يعص الله ورسوله فقد ضل ضلالا مبينا) هیچ پیاوێکی ئیماندار و ئافرەتێکی ئیماندار کاتێک خوا و پێغەمبەری خوا بڕیارێک دەدەن مافی سەرپشک بوونی نییە وە هەر کەسێک سەرپێچی خوا و پێغەمبەری خوا بکات زۆر بە شێوەکی ئاشکرا گومڕا بووە سەرگەردان بووە بەڵام ئێمە خۆمان دەخەینە هەڵبژاردنەوە ئایا خەڵک و جەماوەرەکەمان متمانەمان پێ دەکا باوەڕمان پێ دەکا دەنگمان پێ دەدات تاکو ئێمەش بتوانین ئەو پڕۆژە و بەرنامەیە جێبەجێکەین یاخود متمانەمان پێ نادات خوا هەڵیبژاردووە و پەسەندیکردووە هەر کەسێک خۆی بە موسڵمان بزانێت لە بەرامبەر ئیسلامدا بەعەقیدەیەوە بە شەریعەتیەوە بە حوکم و سیاسەتییەوە مافی سەرپشک بوونی نییە بڵێ بەوەیان ڕازیمە و بەوەیان نیم ئەوە وەکو جولەکەکانی لێدێ کە دەفەرمووێت خوای گەورە لە بارەیانەوە فەرمووی (أفتؤمنون ببعض الكتاب و تكفرون ببعض) ئایا بڕواتان بە هەندێک لە کیتابی خوا هەیە و بڕواشتان بە هەندێکی نییە.

٥) ئەمجا خاڵی دووەم کۆمەڵی ئیسلامی کێیە؟ و دەیەوێ چی بکات؟ من حەوت بنەمایی گرنگم بۆ هەڵبژاردوون بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم تاکو خەڵک بزانێت جەماوەرە موسڵمان و بەڕێز و خۆشەویستەکەمان بزانێ چۆن ئێمە لە ئیسلام تێ گەیشتووین؟ وە چۆن؟ وە کێین؟ وە دەمانەوێ چی بکەین؟.

٦) یەکەم: ئێمە کۆمەڵێکین لە میللەتە موسڵمانەکەی خۆمان، ئێمە کۆمەڵێکین لەو میللەتی کە میللەتێکی موسڵمانە و مێژووی موسڵمانیەتی بۆ زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە بەڵام میللەتی ئێمەش وەکو هەموو میللەتان وەکو هەموو گەلانی دیکەیکە بە هەموویان ئومەتی پێغەمبەر پێکدێنن علیە صلاة و سلام تووشی زۆر لادان و زۆر دوورکەوتنەوە و تووشی زۆر هەڵە و پەڵە بووە لەدینداریدا ئێمە دەمانەوێ خۆمان میللەتەکەمان بگەڕێنینەوە بۆ ڕاستە شەقامی پێغەمبەر علیە صلاة و سلام ئایا ئەو وەعد و بەڵێنانەی کە خوا بە ئومەتی محمەدی داوە خوا أصدق و قائیلین کوا وەعدە و بەڵێنەکان کە خوا دەفەرمووێت (و أنتم الأعلون إن كنتم مؤمنين) ئێوە لەسەرەوە دەبن ئەگەر ئیماندارن (ولله العزة و لرسوله و للمؤمنين) عیزەت بۆ خوا بۆ پێغەمبەرەکەی و بۆ ئیماندارانە کوا لەسەرەوە بونمان کوا عیزەتەکەمان کەواتە خەلەل لە ئیمانمان دایە خەلەل لە موسڵمانەتیمان دا هەیە ئێمە دەمانەوێ خۆمان و میللەتەکەمان زیاتر

بگێرینەوە و بگەڕێنینەوە بۆ باوەشی گەرمی ئیسلامی بەر جەستە لە قورئان و سونەت دا ئەوە یەک.

٧) پاشان ئێمە خەباتی شار و ئێمە شتێکی نامۆ نین وە مە شتێک نین کە تازاە پەیدا بووبین ئێمە خەباتی شاخ و شارمان هەیە ئێمە شانبەشانی لایەنە سیاسیەکانی دی خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی ڕزگاریخوازی خۆمانمان بووە شەهیدانی سەربەرزمان داوە چ لە زیندانەکانی ڕژێمدا چ لە بەرەکانی شەڕدا وە ئێمە بڕوامان بە پێکەوە ژیان و تەبایی هەیە بڕوامان بە هاوکاری و دەستباروگرتن هەیە چونکە ئێمە پێمان وایە هیچ کەس لەم هەرێمی کوردستانەدا بە تەنێ بەس نییە بۆ بەڕێوە بردنی وڵات هەموو پێویستیمان بە یەکدی هەیە هەر کەسێک کەڵکەڵەی ئەوەی لە کەلەدا هەبێت کە تەنیا خۆی بەسە و خەڵکی دیکە زیادە ئەو کەڵکەڵەکە غەڵەتە بە ئەنجامێکی زۆر پڕ مەترسیداریدەگەینێ هەموو ئەوانەی کە پێیان وابووە خۆیان بەسن و خەڵکی دیکە هەموویان زیادە سەرەنجامیان ئەوە دەبینین.

٨) بۆیە ئێمە هەر ئەو کاتەش لە چیاش بووین وە خۆتان ئاگادارن ئەوەی یەکەم شارەزایی مێژووی خەباتی ئێمەیە کاتێک ئێمە لە ژێر ناونیشانی بزوتنەوەی ئیسلامی کارمان دەکرد دوایی ئەوە بوو کە ناوی خۆمان گۆڕی بۆ کۆمەڵی ئیسلامی ئێمە لەسەر بناغەی اتفاق و پێکهاتن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا لەم ساحە و گۆڕەپانی کوردستانە دا بووین خەباتمان کردووە لە دژی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس پاشان ئێمە هەوڵمانداوە هەوڵمانداوە کە بەرژەوەندی گشتی زاڵکەین بەسەر بەرژەوەندی تایبەتیدا وە هەر کەسێک شارەزایی مێژووی ئێمە بێ ئەو شایەدیەمان بۆ دەدات ئێمە زۆر جار زوڵمان لێکرا خەڵکمان بە ناحق کوژرا خەڵکمان بە ناحەق گیرا لەبنکە و بارەگاکانمان دەرکراین دانمان بەخۆمان داگرت چونکە دەمانزانی دان بەخۆ داگرتن و سەبرگرتن و تەحەمولکردنەکە زیاتر لە قازانجی خەڵک و میللەتەکەماندایە بەدوای ئەوەوە نەبووین کە تۆڵە بکەینەوە بەدوای ئەوەوە نەبووین کە ڕقی خۆمان بەخەڵک برێژین تووشی زیندان بووین تووشی دەربەدەری بووین تووشی ناڕەحەتی بووین تووشی ماف پێشێلکران بووین. ئێستاش لەگەڵ دابێ ئێمە بە بەراورد لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان مافمان زۆر پێشێلکراوە ئەگەر تەماشا بکەن کۆمەڵی ئیسلامی بە چوار کورسییەوە لە پەرلەمانی کوردستاندا مانگانە ٣٥٠ ملیۆن وەردەگرێت لایەنی سیاسی وا هەیە بە ١کورسییەوە نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن وەردەگرێت لە کوێی عەدالەتە ئەوە لە کوێی مافی مرۆڤدایە لە کوێی مافی هاوڵاتیبووندایە ئەوە چی پێ دەگوترێت بەڵام ئێمە دانمان بەخۆمان داگرتووە چونکە زانیومانە کە وەهەرێمی کوردستان واقیعی ئێمە پێویستی بە پاراستنی هێمنی و ئارامی و ئاسایش با لەسەر حیسابی بەرژەوەندیە

حیزبیەکانیشمان بێت، نزیکترین نموونەش مەسەلەی کۆنگرەی نەتەوەی کە هاتە پێش خەریک بوو ئەو کۆنگرەیە تێکبچێت و چنکە من لێرەوە زۆر سوپاسی هەردوو لایەنی ئۆپزسیۆن گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامیش دەکەم کە لەگەڵ ئێمەدا هاوهەڵوێست بوون دەیانزانی ئێمە مەزلومین وتیان ئێوە بەژداری کۆنگرەکە نەکەن لەبەرئەوەی نوێنەرتان بۆ دانەندراوە حەقی خۆشتانە ئێمەش ناچین ئەگەر ئێمە نەچوباین ئەو کۆنگرە تێکدەچوو ئێمە ووتمان نا سوپاستان دەکەین بەڵام سەرەنجام دوای ئەوەی زۆر تەکلیف و داوامان لێکرا گوتمان دەیکەینە خاتری بەرژەوەندی گشتی زاڵکردنی بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی حزبیدا نابێت بە شیعار بێت دەبێت بە کردار بێت دەبێت بە هەڵوێست بێت.

٩) پاشان ئێمە تێگەیشتنمان بۆ ئیسلام بە هەموو لایەکیی ڕادەگەیەنین هەڵقولاوی قورئان و سونەتە بە تێگەیشتنی زانایانی پێشینمان لەو سەدە کە زانایانی پێشین نوقتەیان تێدا ختسۆتە سەر پیت لەمەسەلەی عەقیدە و لەو قەزیانەی کە ئیشتیهات هەڵناگرێت وە بە تێگەیشتنی زانایانی هاوچەرخ و خۆشمان بە لەبەرچاوگرتنی واقیع و هەلومەرجی هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی کە چاولێکەری بکەین لاسای خەڵک کەینەوە چونکە دەزانین واقیع و هەلومەرجێکە کە لە هەرێمی کورردستان دا هەیە هەروەکو کە لە هەر شوێنێکی دنیایی ئنساندا هەیە شتێکی تایبەتە دەبێ ئەو تابەتمەندیانە ڕەچاوبکرێن وە ڕاست نییە هیچ ئەزمونێکی ئیسلامی لە هیچ سوێنێکدا کت و مت دووبارە بکرێتەوە پاشان ئێمە خاوەنی ئیرادەو بڕیاری سیاسی خۆمانین وە خاوەنی ئیرادەی خۆبوون و خاوەنی بڕیاری سیاسی خۆبوونیش باجی پێ داوین بەڵام ئێمە دڵنیاین ئەو باجەی کە دەیدەین بە هۆی ئەوەوە کە خاوەنی ئیرادە و بڕیاری سیاسی خۆمانین وابەستە نین زۆر کەمترە لەو باجەی کە دەیدەین بە وابەستەیی و بەهۆی سەر بەمەو بەو بوونەوە.

١٠)شەشەم ئێمە قەناعەتی تەواومان هەیە بەوە کە هەموو مرۆڤەکان چ لە هەرێمی کوردستان دا چ لە هەر شوێنێکی دوونیادا دەبێ بەو شێوەیەی کە خوا بۆ مرۆڤی بڕیارداوە بژێت (و لقد کرمنا بنی آدم ) خوا دەفەرمووێت ڕێزمان لە وەچەی ئادەم گرتووە وەچەی ئادەم خوا نەیفەرمووە تەنیا موسڵمانەکان کافرەکانێش وەچەی ئادەمن هەرچی ئادەمیزادە هەرچی وەچەی ئادەم و حەوایە دەبێ ڕێزی لێبگیرێت سێ ڕێز لە ئادەمیزادەکان دەگیرێت کاتێک کە ماف و ئازادیەکانیان بۆ دابین بکرێن بەبێ هەڵاواردن ئەم سەر زەویە ئەم ژیانە دوونیاییە خوای تعالی ڕەخساندوویەتی بۆ تێدا تاقیکرانەوەی ئنسان نەک بۆ تەسفیە حیساب کردن ئێمە دەبێ لێرە تاقی بکرێینەوە دەبێ دەرفەت بە یەکدی بدەین وەکو خوا دەفەرمووێت ( و قل الحق من ربکم فمن

شاء فلیۆمن و من شاء فلیکفر) خوای پەروەردگار مرۆڤەکانی سەرپشک کردووە کێ ئیمان دێنێ کێ ئیمان نایێنێ وە ئێمە لەڕاستیدا لە پشت پەردەی ڕەشەوە تەماشامان دەکات دەیەوێت مەلەف و دۆسیەی ئێمە لەگەڵ خەڵکی دیکەدا تێکەڵ بکات ئێمە دەڵێین بێویژدانی مەکەن کۆمەڵی ئیسلامی کۆمەڵی ئیسلامییە ئەگەر گروپێکی دی خەڵکێکی دی هەڵەیەکی کردووە کشتوکاڵیەکی بووە یان لە کاردانەوەی زوڵمێک دا کە لێی کراوە تێیپەڕاندوو ئەوە خۆی باجی هەڵەکانی خۆی بدات مەعقوڵە ئێمە بڵێین لەبەرئەوەی هیتلەر مۆسۆلۆنی و ستالین هەموویان عەلمانی بوون عەلمانیەکانی کوردستان و عەلمەنیەکانی دیش هەموو عەلمانین هەموو یەک حیسابیان هەیە ئەمە زوڵمە دەبێ خەڵک پۆلێن بکرێت وەکو گوتراوە مەڕ بە پێی خۆی و بزن بە پێی خۆی ئەمجا پێم وایە هەر کەسێکیش کە بدات دەزانێ کە ڕابردووی ئێمە شایەدی بۆ داهاتوو و ئێستاشمان دەدات هەر کەسێک تەماشای ڕابردوومان بکات ئەو شتانەی کە گوتم بە تەئکید بەڵگەو شایەدیان لێوەردەگیرێت بۆ ئێستا و بۆ داهاتووشمان.

١١)ئەمجا سێیەم ئێمە دەمانەوێ هەرێمی کوردستان چی لێبکەین دەمانەوێ ئەم واقعە ئەم سیستەمە حوکم ڕانییە لەم هەلو مەرجەی ئێستای هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ بەرین ئەگەر بۆمان بکرێت پێش هەموو شتێک دەڵێین ئێمە بێ ئینساف نین کەسانێک هەن بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن یان بۆ پڕوپاگەندەی حیزبی لەگەڵ یەکدی دا بێ ئینسافی دەکەن ئێمە قەد لەگەڵ بێ ئینسافی دانین ئێمە لە ڕاستیدا لەماوەی ٢٢ ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک قۆناغمان بڕیون کە دیارە بە هەمومانەوە وە کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگیشمان هەن وە کۆمەڵێ دام و دەزگاشمان هەن کە یەکەمجارە لە مێژووی کوردا قەوارەیەکی سیاسی بەم شێوەیە سەروبەرێکی هەبێت وە٢٠ساڵ زیاتر دەوام بکات ئەوە شتێکە بۆمان حیساب دەکرێت ئەوە شتێکە هەموو لایەک دەبێ شانازی پێوە بکەین بەڵام بێگومانیش قەوارە سیاسیەکەی ئێمە کۆمەڵێ کێشە و گرفت و نەخۆشی گورچک بڕیشی هەن دەبێ چارەسەر بکرێن یەکێک لەوانە دەبێ هەوڵدەین کاروبارەکان بە دامەزراوە بکرێت وڵات بە دامەزراوە نەکرێت حەتمەن تابیعی میزاج و شەخص و حیزب و گروپ و دەستەو ئەوانە دەبێت بەڵام کاتێک کە کاروبارەکان بە دامەزراوە دەکرێت جا چ بە کاروباری سیاسی کاروباری دارایی ئابوری کاروباری ئیداریی کاروباری عەسکەری کاتێک کە بە ئیدارە دەکرێت هەموو هاوڵاتیان لە بەرامبەریدا یەکسان دەبن بەدیلی بە دامەزراوە بوون ئەوەیە کە حاڵەتی قۆرخکاری و حاڵەتی گورچک پچڕێنەی حیزبی و حاڵەتی ئەوەی کەدەیبینن دێتە شوێنی پاشان هەیمەنەی حیزب و شەخص و گروپ یەکێکی دیکەیە لە نەخۆشییەکان کە دەبێ چارەسەر بکرێن ئێمە دەبینین وڵاتێکی وەکو مالیزیا موهاکر محمد خطەیەکی ١٠ساڵی

دانا لەماوەی ١٠ساڵدا مالیزیای گۆڕی مالیزیای بردە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دوونیاوە هەر کەسێک کۆلا لامپوور ببینێت وە لەندەن و پاریسیش ببینێت جیاوازیەکی وایان لە بەیندا نابینێت کەچی ئێمە هەر دەڵێین ساواین ئەو خۆ هەڵخەڵەتاندنە تا کەی بۆ ساواین وەکو نووسەرێک نوسیبووی منداڵ بە ١٥ ساڵی باڵغ دەبێ ئیمە واقەوارە سیاسیەکەمان تەمەنی ٢٢ساڵە.

١٢)لە ڕاستیدا دەزانین گرفت و کێشە هەن دەزانین کە تەحەیاتی زۆر هەن بەڵام بەڕاستی بێ ئیرادەیش هەیە لە بەرامبەر چارەسەر نەکردنی کێشەکان بە دامەزراوەنەکردنی کارو بارەکانمان دا پاشان نەبوونی شەفافیەت روونی لە سەروەت و سامانی وڵات دا بە تایبەتی لە هی نەوت وە پاشان لە چۆنیەتی لە خەرج کردنیدا قۆرخکاری حیزبی شتێکی ئاشکرایە ئێستاش لەگەڵ دابێ هەر ئەم پارچە کوردستانە کە ئێمە زۆر جار گلەییمان کردووە لە وڵاتانی دراوسێ و لە زل هێزان کە نیشتیمانەکەی ئێمەیان پارچە پارچە کردووە حەقی خۆشمان بووە کەچی خۆشمان ئێستاش لەگەڵدابێ ئەو لەتە کوردستانەشمان کردۆتە دوو بەشەوە دابەشمان کردووە بۆ هەرێمی زەرد و سەوز کە ئەوە لە حەقیقەتدا دەبێ چارەسەر بکرێت نەبوونی ژێرخانی ئابووری بۆ دەبێ هەرێمی کوردستان تەنیا بازار بازاری ساغکردنەوەی کەل و پەلی وڵاتانی دراوسێ بێ ئایا خۆمان لە بەروبوومی ئاژەڵ بەروبوومی کشتوکاڵ ئەم کوردستانە بەرەکەت و پیزی زۆری تێدایە زۆر شتی تێدا هەڵدەکەوێ ئەگەر ئیرادە هەبێت کە دووربینانە تەماشای وڵاتەکەمان بکەین وە نەخشەی وا دابنێین کە لەسەر پێی خۆمان بوەستین ئەمجا کێشەی بێکاری هەژاری و بێ دەرەتانی ئێستاش وەکو لە بەرنامەی بەخشیندا دەبینین خەڵکی خێرخواز کە دەگەڕێن ئێستاش خەڵکی زۆر بێ دەرەتان و زۆر ماڵ وێران لەم وڵاتەی ئێمەدا هەیە لە حاڵێکدا کە بەڵی خەڵکی ملیاردێر مان و ملیۆنێرمان زۆر بوون بەڵام ئێستاش لەگەڵ دابێ خەڵکیش هەیە بە نانی شەو و ڕۆژ موحتاجە بە جێگە و ڕێگەیەکی باش موحتاجە بە بەرگ و پۆشاکێک موحتاجە. وە خاڵێکی دی کە زۆر من خستومەتە دوایە ئەگەرنا خاڵێکی زۆر گرنگە بریتییە لە داڕووخانی ڕەوشت وە فەراغی ڕووحی بە تایبەتی لە نێو چینی گەنجمان دا بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وە داڕووخانی ڕەوشت چاولێکردن لاسایکردنەوە ی بێگانە لە شتە خراپەکانیان دا من زۆر جار گوتوومە سەرم سوڕ دەمێنێ لە تەوژمی عەلمانی لە خەڵکی عەلمانی بۆ شتە باشەکانی ڕۆژئاوا ڕەواج پێ نادەن؟ لەوێ بەرپرسان زۆر متواضح و خاکین لەوێ دادگەری هەیە لەوێ ڕێزی ئینسان هەیە لەوێ قۆرغ کاری حیزبی نییە با ئەو شتانە بێننەوە نەک ئەو شتانەی کە نەخۆشی و دەردن لەنێو گەنج و

لاوەکانی ئێمە دا پەرەی پێبدەن سەرەنجام کۆمەڵگەکەمان دابڕوخێ و گەندەڵ بێ و لە نێو لە نێو خۆی دا برزێ.

١٣) ئەمجا بۆیەش ئێمە کۆمەڵی ئیسلامی بۆیە دادگەری کردووە بە دروشمی خۆی چونکە لە ئەنجامی هەموو ئەو چاکسازیانەدا دادگەری دێتەدی  دادگەری دروشمێک نییە تەنیا بەرز بکرێتەوە دەبێ ئەوانە بکرێن کە ئەوا پێشی ئاماژەم پێدان ئەمجا دادگەری دەچەسپێت ئەو دادگەریەی کە خوا سبحان و تعالی هەموو پێغەمبەرانی ناردوون بۆ هێنانە دی ئەو دادگەرییە (لقد أرسلنا رسلنا بالبيانات وأنزلنا معهم الكتاب والميزان ليقوم الناس بالقسط) دەفەرموویت بێ گومان پێغەمبەرانی خۆمانمان بە بەڵگە ڕوون و ئاشکراکانەوە ناردوون کتێب و تەرازوویشمان لەگەڵ ناردوونە خوار تاکو خەڵک بەدادگەری بەڕێوەبچێت ئەمجا ئەو دادگەرییە وەکو گوتم شتێک نییە بە دەم بگوترێت دەبێت زەمینەی بۆ خۆش بکەیت دەبێ بزانین پێشەکییەکانی ئەو دادگەرییە چن ئەو دادگەرییەی کە هەموو پێغەمبەران علیە وصلاة وسلام  هاتوون بیچەسپێنن دژی دادگەری چییە؟ زوڵمە قۆرغکارییە جیاکارییە قڕی و پڕییە چینایەتییە دەبێ کۆتایی پێ بینین.

١٤) زۆر زۆر بەحەیف و زۆربە بە شتێکی خراپی دەزانم کە بەرپرسانی ئێمە خەریکن دەبنە تەبەقە یەک دەبنە چینێک لە شاری  خەونەکاندا دەژین و خەڵکێکی کەش لە شاری خەمەکاندا دەژین بەجێدێڵن غەڵەتە منداڵەکانیشیان جیادەکەنەوە خۆیان ئەوە کە هیچ جیاکردۆتەوە ماڵ و منداڵیشیان جیادەکەنەوە دوایی ئەمانە دەبنە تەبەقەیەکی جیا لە خەڵک دوای تۆ نازانی خەڵکی هەژار چۆن دەژی چۆن بیردەکاتەوە نازانی منداڵی هەژار چۆن دەخوێنێ چۆن ناچاردەبێ بچێ بە شەو ئیشکا تاکو بەڕۆژ بخوێنێت یاخود بەڕۆژ ئیشدەکا و بەشەو بخوێنێت بزانن ئەگەر ئێمە دڵسۆزین بۆ خەڵک و وڵاتی خۆمان نابێت جیاوازی بخەینە نێوان کوڕ و کچەکانی خۆمان و کوڕ و کچەکانی هاوڵاتییەکانمان.

١٥) ئەمجا خاڵی چوارەم بەرپرسیارەتی هەڵبژاردن برا و خوشکانی بەڕێز وە جەماوەری موسڵمانی هەرێمی کوردستان ئەو هەڵبژاردنانە بەرپرسیارەتیەکی زۆر گەورە دەخەنە ئەستۆی هەموو لایەک جارێ پێش هەموو شتێک هەڵبژاردن و دەنگدان شایەدیدانە شایەدیدانە تۆ شایەدی دەدەی کە ئەو قەوارەیە ئەو شەخسە شایستەی ئەوەیە نوێنەری من بێ موشوورخۆری من بێ قسە بەدەستی من بێ تەکبیرکەری من بێ بۆ بەڕێوەبردنی وڵات ئەوە شایەدییە ئەو شایەدیدانە فەرزە ئینسان دەبێ بیبات خوای پەروەردگار دەفەرموێت(و لا يأب الشهداء إذا ما دعوا) با شاهیدەکان سەرپێچی نەکەن گەر بانگکران بۆ شایەدیدان کەواتە من لێرەوە داوا دەکەم خەڵک و جەماوەری

بەڕێزی هەرێمی کوردستان ئەگەر دەتانەوێ ئەگەر دەتانەوێ تەنگ بە تزویر و ساختەکاری هەڵچنن دەتانەوێ بواری لێ تەسک کەنەوە بەژداری زۆر بکەن با لە جیاتی ئێوە دەنگ بە تەزویر پڕ نەکرێتەوە با کارتی دیکە با ناوی ئێوەوە تێنەهاویشترێت وە فەرزیشە تۆ بچیت دەنگی خۆت بدەیت بەو کەسەی کە متمانەت پێیەتی بەو قەوارەیەی کە متمانەت پێیەتی کە بەکەڵکی دین و دوونیات دێت وە پاشان دەبێ شایەدیدانەکەش خوای پەروەردگار دەفەرمووێت(ياأيها الذين آمنوا كونوا قوامين لله شهداء بالقسط) دەبێ شایەدیدانەکە دادگەرانە ئەگەر نا خوا ئاگادارە هەرکەسێک دەنگ بە هەر کۆمەڵێک بدات بەهەر قەوارەیەکی سیاسی بە هەر کەسایەتییەک دوایی ئەو قەوارە سیاسییە هەر شتێک بکات ئگەر خێر بێ لە خێرەکەی بەژدارە و پشکی دەچێتە نێو خێرەکانی و ئەگەر شەڕ و خراپەش بێت پشکی دەچێتە نێو خراپەکانی جا زوڵمە گەندەڵییە فەسادییە داڕووخاندنی ڕەوشتە هەرچی هەیە کەواتە زۆر خەتەرە.

١٦)ئەمجا پێنجەم چاوەڕوانیمان لە خەڵک جەماوەرمان چییە زۆر جار لە کۆڕ و مەجلیسەکان دا لە بۆنە و مناسبەکاندا خەڵک بە ئێمە دەڵێ ئێوەی ئیسلامی کۆمەڵی ئیسلامی فلآن لایەنی ئیسلامی بۆ لە واقیع وا تێراماون بۆ چاکی ناکەن بۆ نایگۆڕن بۆ چاکسازی ناکەن من لە وەڵامدا دەڵێم ئەوە دەرفەتە و هاتۆتە پێش وەک کوردەواری خۆمان دەڵێن ئەوە عەرز و ئەوە گەز فەرموو ئەو واقیعە کە دروستکراوە ئێمە دروستمان کردووە هیچ کەس بۆی نییە دەستی چەوری خۆی بە یەکیکیە بسرێ مادام مەسەلەی هەڵبژاردن لە ئارادایە هیچ کەس بۆی نییە دەستی چەوری خۆی بە خەڵک بسرێ خۆمان ئەو واقیعەمان دروستکردووە ئەگەر لەم واقیعە ڕازنین ئەگەر دەڵێین ڕەخنەیەکی دیمان لەسەری هەیە باهەڵوێستی خۆمان بگۆڕین بادەنگ و ڕەنگ و سەنگی خۆمان بە ئاڕاستەیەک دا بگۆڕین کە پێمان وایە خوا لێمان ڕازی دەبێت وە هەرێمەکەشمان و ئەزموونە سیاسیەکەشمان و قەوارە سیاسییەکەشمان کامڵتر دەبێ چاکتر دەبێ لە تەنگەژە و لەقەیران و کێشەکان دەربازی دەبێت ئەگەر نا قسەی زل کردن وە خۆ نەجولاندن لە ڕاستیدا هیچ بەرهەمێکی نییە. وە بەوەش ئینسان لە بەرپرسیارەتی ناچێتە دەرێ ئێمە چوار پەرلەمانتارمان هەبوو.

١٧) لە خولی پێشوودا ئێمە کە بەو پەرلەمانتارەی خۆمان بەڕاستی سەربەرزین ئەوچوار پەرلەمانتارەی ئێمە نەک خۆمان بڵێین بەڵکو بە شایەدی خەڵک بە قەدەر زۆرلە ژمارەیەکی زۆر کەم لە پەرلەمانتان ڕۆلی خۆیان بینیوە ئەمن زۆر سوپاسیان دەکەم مەمنونیانم دەستخۆشیان لێدەکەم کە بەرگریان کردووە لە بەرژەوەند خەڵک بەرگریان کردووە لە مافی ئافرەتان لە هی گەنجان  لە هی خەڵکی هەژار لە نەدار لە

نەخۆش لە نەخۆشەکان لە ئەوانەی کە بە کیمیابارانی هەڵبەجە کەوتوون لەئەوانەی کە بە کەسوکاریان ئەنفال کراوە لە بێدەرەتانەکان من مەمنونیانم.

١٨) بەڵام بە خەڵک و جەماوەر دەڵێم ئێمە ئەگەر بە چوار پەرلەمانتار توانیبمان ئەم ڕۆڵە ببینین ئەدی گەر ٣٠ ٤٠ پەرلەمانتارمان هەبێ بە تەئکید ئەم ڕۆڵە چەند بەرامبەردەبێتەوە کەواتە ئەوە خەڵک و ئەوە هیممەتی خەڵک فەرموون با کابرا کە پاراو دەکات کشتوکاڵ دەچێنێ بە ئەندازەوە ئەو ئاوی لەدوا دێ دەتوانێ ئاودێری بکات ئێمە چەند خەڵکمان لەگەڵ دابێ بەو ئەندازەیە دەتوانین گۆڕانکاری بکەین و پاکسازی وچاکسازی بکەین وە خەڵکیش دەبێت ئەوەندە چاوەروانی لە ئێمە هەبێ.

١٩) ئەنجا لە کۆتاییدا دەمەوێت چەند هەڵوەستەیەک بکەم لەبەردەم هەندێ ڕووداوی سیاسی دا یەکەم ئەو کودەتایەی کە لە میسر کرا بەسەر ڕەوایەتیدا بەسەر تەوژمی ئیسلامیدا کە خەڵک و شەقام ڕەوایەتی پێدابوون متمانەی پێدابوون کە بۆ ماوەی ئەو خولەی پەرلەمان ئەوانە حوکمڕان بن بەڵام کودەتایان بەسەر دا کرا ئێمە پێمان وابوو هەروەکو گوتیشمان هەرکەسێک یەکێک لە مەبدەئەکانی بریتی بێ لەگەڵ مەزڵوم دا بوون و دژی زاڵم بوون دەبوایە وەدەنگ بێ لەسەر ئەم کودەتایە سبەینێ وە دوێنێش هەمان شت کاتی خۆی لە ئێمەدا ڕوویداوە ئێمەش کوشتەی حوکمی سکۆلیتاری و عەسکەرتاری نەبووین میلەتی ئێمە ساڵەهای ساڵە سیستەمە سیکۆلاریستە خۆسەپێن و عەلمانییەکان نەیان چەوساندۆتەوە کەواتە جێی خۆی بوو کە ئێمە لەگەڵ ئەوانەی کەوەکو دوێنێی ئێمە دەچن کە ئیسلامییەکانی میسرن جێی خۆی بووە لەگەڵیان هاودەنگ و وە هاوهەڵوێست بین. بیستوومە هەندێ کەس گوتوویان کاتی خۆی ئێمە زوڵمان لێکرا ئەوانە لەسەر ئێمە هەڵیان نەدایە جا کەی پاپەند بوون بە بەها بەرزەکانەوە بە بەرامبەرە و بەدەست تەواوە ئەتۆ دەبێ بڵێی کە خەڵک ڕاستی کرد منیش ڕاستی دەکەم بەڵام ئەگەر درۆی کرد درۆ دەکەم نا تۆ دەبێ علی توولیل خەت تۆ دەبێ ڕاستگۆ بی ئەتۆ دەبێ دادگەر بی دەبێ بە ڕەحم بی دەبێ زدی زوڵم بی لە گەڵ تۆ بێت زوڵمەکە یاخود لەگەڵ برایەکەت بێت بۆیە ئێمە پێمان وایە کە ئەو هەڵوێستەی کە تۆمارمان کرد بریتی بوو لە دیفاع لە مەبدەئێک کە میللەتی ئێمە لە هەموو میللەتانی تر زیاتر ئێشی پێیەتی ئەویش ئەوەیە کە زوڵم نەبێ دادگەری هەبێت کەس هەڵنەستێتە سەر دەسەڵات و ئیرادەی میللەتێک پێشێل نەکات کە ئێمە ساڵەهای ساڵ بووە کوشتەی ئەو جۆرە سیاسەتە بووین.

٢٠) سەبارەت بە بەوەش کە ڕەنگە کەسانێک بڵێن جا باشە ئەوە فایدەی چی با هەر خەڵک دەنگت پێ بدا و خەڵک هەڵتبژێرێ ودواتر وەکو میسر کودەتات بەسەردا دەکەن وەکو جەزائیر من یەک شت دەڵێم ئەوەی لە میسر ڕوویدا تەنیا لەو قۆناغەیدا

نەیبینن بە هەموو باوەڕ بە خۆبوونەویکیشەوە دەڵێم تەنیا لەوەدا مەیبینن کە تا ئێستا هەیە من پێم وایە سەرەنجام دێتەوە حق دەگەڕێتەوە بۆ عەهدی خۆی وە ئەوانەش کە ئینقلاپیان بەسەر ئیرادەی خەڵک وجەماوەری میسرِدا کردووە جگە لە ڕوو ڕەشی جگە لە عەیبداری هیچیان بۆ نامینێتەوە وە دەشیبینن کەواتە با پێمان وانەبێت کە ئەوەی میسرِ تەواو بووە یەک دوو میسرِ میسرە و ئێرەش ئێرەیە ئێمە وەکو خەڵکی هەرێمی کوردستان هەموومان قەرارمان داوە بۆ ڕایی خەڵک وە هیچ کەس ئەو حەقە بەخۆی نادات کە هەڵسێتە سەر ئەوەی دی لە ڕابردووشدا ئەوە تەجرووبە کرا ئەو عەقلیاتە لەبەرکراو سوودمان لێ نەبینی انشاء الله  هەموومان عیبرەتمان لێ وەرگرتووە پەندمان لێوەرگرتووە جارێکی تر ئەو غەڵەتانە دووبارە ناکەینەوە.

٢١)بە نسبەت وەزعی سووریا ڕژێمی دیکتاتۆری سووریا لەوبەینەدا دیارە خۆتان ئەوە دەبینن کیمیایی بارانی بەشێک لە خەڵکی سووریایی کرد خەڵک هەڵبجەی ئێمەی هاتەوە بیر مەزڵومیەتی ئێمەی هاتەوە بیرمن پێم وایە ئەو کیمیاییە ڕشاندنە ڕژێمی بەشارئەسەد بەسەر خەڵک و میللەتەکەی دا تەمەنی ئەو ڕژێمەی زۆر کورت کردۆتەوە وەسەرەنجامیش من پێم وایە ئەو پەندە کوردیەش بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە دەڵێت بزن ئەجەلی هات تووێشووی شوانی خوارد. ئاوارە بوونی کورد کە ئێمە وەکو میوان ڕێزمان لێنان دیارە من بەڕاستی لێرەوە وەکو هەستێکی کوردایەتی موسڵمانیەتی خۆم زۆر مەمنونی هەموو ئەو خەڵکەم چ بە دامو دەزگا حکوم یەکانەوە چ بە لایەنە سیاسیەکانەوە بە خەڵکی خێرخوازەوە بە ئافرەتانەوە بە منداڵانەوە خەڵک بەڕاستی خەڵکی هەرێمی کوردستانی ئیسپاتی کرد خەڵکێکی جوامێرە بە هیممەتە بەخشندەیە میهرەبانە خوا پاداشتی هەموو لایەک بداتەوە کارێک باشیان کرد وە ئومێدیشم وایە کە لەسەر ئەو هیمەتە بەردەوام بن هەتا ئەو براو خوشکانە میوانانە کە لە هەرێمی کوردستاندان پێویستیان بە هاوکاری ئێمە بێ وە ئومێدیشم وایە کە زۆر نەخایەنێت کە ئەووەزعەی سووریا بگۆڕێت وە ئەوانەش ناچار نەکرێن چیدیکە هەڵوەدا بم دەربەدەری ئەملاو ئەولابن بگەڕێنەوە بۆ سەر جێگەو ڕێگەی خۆییان.

٢٢)سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد مافی خۆیەتی لەهەرێمی کوردستان هەرێمی هەبێت لەهەرکام لەبەشەکانی دیکەی کوردستان دا بە وشێوەیەی کە بۆی دەگونجێت مافی چارەی نووسینی خۆی بەدەست خۆی بێ خاوەنی ئیرادە و  ئیدارەی خۆی بێت ئێمە ماوەیەک لەمەو پێش لیژنەیەکمان پێک هێنا وەکو کۆمەڵی ئیسلامی بەناوی لیژنەی بنیادنانی دەوڵەتی کوردی کەمن پێم وایە خەبات و بەرخۆدانی کورد گەیشتۆتەو قۆناغێک گەڕانەوە دوای بۆ نییە ئێمە جێی خۆیەتی کە لەم قۆناغەماندا ئەوشیعارەمان بەرز کەینەوە کە دەبێ خاوەنی ئیراددەو ئیدارەی خۆمان بین وەکو

گوتم له هەرپارچە کوردستانە بەو شێوەیە کە بۆی دەگونجێت ئەقڵی دەیبڕێ و هەلو مەرجەکە بۆی ڕێ دەکەوێ بەڵام لە ڕاستیدا کورد حەقی خۆیەتی وە ئێمە ئەو قسەیەکیش نییە ئێستا بیکەین ئێمە لە ەسەرەتای هەشتاکان  لەو کاتەوە کە پێی ڕاگەیشتووین ئەم تەوژمە ئیسلامییە دەست بەکار بووە هەمیشە گوتومانە کورد کەمتر نییە لەهیچ میللەتێکی دیکە ئەگەر برایانی عەرەب ٢٢ دەوڵەتیان هەیە و تورک چەند دەوڵەتی هەیە کوردیش جێی خۆیەتی لەهەر شوێنێک لەهەر  پارچە کوردستانە بەلانی کەمەوە هەرێمێکی فیدراڵی هەبێت ئەگەر دەوڵەتێکی یەکگرتوو و سەربەخۆشی نەبێت.

٢٣) بەڵام دەربارەی کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ ووریابین بەهۆی بەکار هێنانی بۆ بەرژەوەندی کەسی و حیزبی ئەم کۆنگرەییە بچووک نەکەینەو با وا بێ کە ئامانجەکانی خۆی بپێکێت پاشان تێبینیەکی دیکەشم هەیە ئەویش کە ڕەنگە زەخت و فشاربکرێت لەملاولابا مل نەدەین بۆهیچ زەغت و فشارێک دەرفەتێک کەهاتۆتە پێش کورد با بۆ یەکەم جار قسەی خۆی بکابەیەک سەبارەت بە مەسیر و چارەنووسی خۆی.

٢٤)ئەمجا لە کۆتاییدا دەڵێم دیارە من لێرەوە کە لە خزمەتتاندام لە جیاتی مامۆستای بەڕێزو خۆشەویستمان مامۆستا شێخ محمدی بەرزنجیش  پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی مەکتەبی سیاسی قیادەی کۆمەڵی ئیسلامی لە خزمەتتاندام وە هیوادارم ئەوەی کە گوتوومە جێگەی ڕەزامەندی ئەمانیش بێت. وە لە کۆتایدا من یەک شت بەخەڵکی و جەماوەری هەرێمی کوردستان دەڵێم ئەو کاندیدانەی دەیان بینن ئەو براو خوشکانە کە لە خزمەتتان وەستاون چاوەڕێی هیمەتی ئێوەن کۆمەڵی ئیسلامی ئیمکانیەت و بوجەکەی بەو شێوەیە نییە نە هیچ کام لەوکاندیدانە خۆی بە جوهدی خۆی نە کۆمەڵی ئیسلامیش وەکو حیزب بانگەشەی باشیان بۆ بکات بەڵام ئێمە هەمیشە پشتمان بە خوا قەیم بووە وە دڵیشمان بە دوای ئەوە بە خەڵک و جەماوەری خۆمان خۆش بووە هیوادارم باوەشی گەرم و پڕسۆزی میللەتەو موسڵمانەکەمان قەرەبووی کەم ئیمکانیەتیمان بۆ بکاتەوە قەرەبووی کەم مان بۆ بکاتەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن ئێمە ئەو قۆناغانەی کە هاتۆتە پێشمان ئەو ئاستەنگانەی هاتۆتە پێشمان خوا دەربازیکردووین خوا هیمەتی لەم هەڵبژاردنەشدا پاش تۆفیقی خوا پاش هیوادارین کە ژمارەیەکی باش لەو کاندیدانە لەو خوشک و برایانە بەڕێزانرە  بتوانن بەدەدنگی ئێوە بە هیمەتی ئێوە بچنە پەرلەمانی کوردستانەوە لەوێداوەکو چوار پەرلەمانتارەکەی پێشوو کە هەموو کەس شایەدی ئەوەیان بۆ دەدا دیفاعیان کردووە لە ژین وخەڵکی کوردستان ئەوانی دیکەش بە حەجمێکی زیاترەوە بە ژمارەیەکی  زیاترەوە دیفاعێکی باشتر بکەن وە ئامانجی گەورەتر و چاکتر بێننە دی کە لە قازانج دین و ژینی خەڵکی هەرێمی کوردستان دایە.